پۆل ستراتێرن

لە فارسییەوە: عەتا جەمالی

# ئاشنابوون بە جۆک لۆک

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
07701369792
تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

**پێشەکی**

فەلسەفە جووڵەیەکی بەرەو پاشی هەیە، بە جیهانێکی بێکۆتا لە هزری پڕپێچوپەنا و جوان و هەندێکجار دژبەیەکەوە. وردەوردە بەیارمەتیی دەمارگرژیی ئاینی، ئاوەز و ئیرادەی تێگەیشتن، فەلسەفە دەست بە گردوکۆکردنەوەی ئەم جیهانە دەکات لە رەهەندگەلێکی شیاوتردا بۆ لێتێگەیشتن. هەمووشت ساکارتر و روونتر دەبێتەوە. فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنێک کە جیهان بەم شێوەیەی کە هەیە و دەیبینین وەسفبکات. بە جۆن لۆکەوە فەلسەفە دەگاتە سەردەمی تەختایی زەوینی خۆی.

هزرە مەزنەکان زۆربەی جارە بەڵگەنەویستن و بیرۆکەکانی جۆن لۆک لە هەموان زیاتر بەم شێوەیە بووە. زۆربەی بیرەکانی ئەو ئەمڕۆکە وەک هەستێکی ئاسایی هەژمار دەکرێن. فەلسەفەی ئەو بە بڕوابوون بەوەیکە ناسیاریی ئێمە لە جیهان لەسەر بنەمای ئەزمونە، بنەماکانی ئەزموونگەرایی دارشت، هەروەها بیرۆکەی دیموکراسیی لیبراڵی هێنایە گۆڕی، کە بۆتە ناوی شەوی شارستانییەتی خۆراوایی. هەنووکە خەڵکێک کە تەنانەت رێنووسی وشەی فەلسەفە نازانن ئەو بیروباوەڕانە بەلایانەوە پەسەندە، کە سێ سەدە لەمەوبەر لێتێگەیشتنەکەی هاسان نەبوو.

هەموو ئەمانە ئاڕادەیەک فەلسەفەی لۆک لە گیرایی بەتاڵ دەکەنەوە، بەڵام هیچ بیانوویەکیش بۆ ئەوە لەئارادا نییە کە فەلسەفە پێویستە گیرا بێت،

بەپێچەوانەوە بیانووی باش هەیە بۆئەوەی کە دەبێ ماندووکەر بێت. گێچەڵ کانێک دەستی پێکرد کە بەرهەمە فەلسەفییەکان سەرنجراکێش بوونەوە و خەڵک بە کردەوە دەستیان کرد بە خوێندنەوەیان. خەڵکێک کە شنگەلێک دەخوێننەوە و ئەگەری ئەوەیان ئێدایە کە بڕوایان پێ بهێنن و جا بزانن ئەوکات چی روودەدات. بەشی سەرەتای سەدەی بیستەم شاهیدێکی راچڵەکێنەرە بۆ ئەوەی کاتێک گرووپە گەورەکانیی خەڵک دەست بە بەجیدی گرتنی فەلسەفە دەکەن، چی روو دەدات. بەختەوەرانە ئێستاکە فەلسەفە زۆر لەو قۆناغە مندالآنەیە تێپەڕیوە کە تیایدا چاوەڕوان دەکرا ئەو خەڵکەی کە فەلسەفە دەخوێننەوە بڕوای پێ بهێنن. بەڵام هەمیشەش وا نییە – و زۆرێک لە بلیمەتترین فەیلەسووفەکان ئەو خەتەیان بۆ دەرکەوتووە کە خوێنەرەکان بەڕاستی لە هەموو ئەو شتانە تێبگەن کە ئەوان دەیلێن. سپینۆزا زیاتری هەوڵی دا بۆئەوەی بە قورسکردنی فەلسەفەی خۆی ئەو پرسە چارەسەر بکات. لەلایەکی ترەوە سوقرات لای وابوو باشترین کار ئەوەیە کە هیچ نەنووسێت. (شێوازی یەکەم لەلایەن فەیلەسووفانی وەک کانت و هیگڵ و ئەوەی دووهەمیان لەلایەن پۆلیک، ئارنێزوارد و هانتینگدۆن–جۆنزەوە گنرایە بەر.) رێگەچارەی لۆک ئەوە بوو فەلسەفەیەکی هێندە روون بنووسێت کە زۆر زوو مادووکەرانە بنوێنێت، بەڵام هەمیشەش وا نەبوو. هزر و بیرۆکەکانی لۆک لە سەردەمی خۆیدا شۆڕشگێڕانە بوون و ئاراستەی فەلسەفەیان گۆڕی.

لۆک تاکە فەیلەسووفێکی بەرجەستە بوو کە بوو بە وەزیر و ئەوە خۆی شتێک دەردەخات. ئەو پیاوێکی فرە لایەن بوو، بەڵام سەرەڕای ئەمانە خۆی وەک کەسێکی سازگار و پراکتیکی مایەوە. فەلسەفەی ئەو فەلسەفەیەکە کە پراکتیک دەکرێت –جا چ بۆ تاک و چ بۆ کۆمەڵ بەگشتی.

## ژیان و بەرهەمەکانی لۆک

لۆک هەوڵیدا وەها بژی کە لانیکەم بە رادەی فەلسەفەکەی ماندووکەر بێت. بەختەوەرانە بۆ ئێمە، ئەگەرچی بۆ ئەو نا، ئەو لە سەردەمێکی جەنجاڵیدا ژیا – و نەیتوانی خۆی لە دەرگیر بوون ببوێرێت. جۆن لۆک لە 29ی ئابی 1632 لە خانووچکەیەکی بچووک و ئاڕادەیەک پیس و پۆخڵی بە گژوگیا داپۆشراودا لە نزیک کڵێسای گوندی سامرێست لە رینگتۆن لەدایکبوو. باوکی مافناسێکی خۆبەزلنەزانی گوندی و دایکیشی کچی بەکرێدەرێکی زوی و زار بوو کە لە جوانیدا ناوبانگی دەرکردبوو. لە پاش لەدایکبوونی جۆن، دایک و باوکی بەرەو موڵکێکی خێزانی لە نزیک شارێکی بچووکی بازرگانیی پێنسفۆرد لە باشووری بریستۆڵ ماڵ وکۆچیان کرد. لێرە لۆک لە خانوویەکی گوندیی ئیۆدۆر بەناوی بلۆتۆن گەورە بوو. ئەو بینایە دەمێکە لەناوچووە، بەڵام دەڵێن ئەو خانووەی کە ئێستا لەو شوێنە دروستکراوە لەسەر بناغەی هەمان بینا دامەزراوە. خانووەکە کەوتۆتە سەر ئەپۆڵکەیەک لە بەشی سەرەوەی شاری ئاڕادەیەک ئاسایی پێنسفۆردەوە، بەڵام لێرە لە رۆژانی هاویندا دەڕواننە دیمەنێکی دڵڕفێن لە بەرزاییەکانی مەندیپ لەسەر رێگەی میدسامێر نۆرتۆن و دەیری داونساید.

کەوتنەوەی شەڕی ناوخۆ لەساڵی 1642دا کاتێک کە جۆن تەمەنی دە ساڵان بوو ئەم ئاسوودەییەی شێواند. شەڕ خاڵی لووتکەی مشتومڕێکی درێژخایەنی نێوان پاشا چارلزی یەکەم و ئەنجومەن بوو. چارلز بڕوای بە مافی یەزدانیی پاشاکان بوو، کە بەپێی ئەوە سوڵتان دەسەڵاتی خۆی راستەوخۆ لە خوداوە وەردەگرێت و لەو رووەوە بەرپرسیار نییە لەبەرانبەر دامودەزگاکانی وەکو ئەنجومەندا کە فانییەکان بەڕێوەیان دەبەن. ئەندامانی ئەنجومەن کە بەرپرسی دەنگدان بە بوودجەی پاشا بوون، بەشێوەیەکی تر بیریان دەکردەوە. لەڕاستیدا شەڕی ناوخۆ لە بنەڕەتەوە شەڕێکی دەستەویەخە بوو لەنێوان چینێکی روو لە سەرهەڵدانی بازرگان لە لای سوور و پاشا و دەرەبەگی خاوەن زەوییەکانی لە لای شین. شەڕ وڵاتی کرد بە دوو پارچەوە و یەکەم شۆڕشی سەرکەوتووی لە مێژووی ئەورووپادا لێکەوتەوە.

بنەماڵەی لۆک پشتیوانییان لە ئەنجومەنییەکان دەکرد. نوێنەری ئەو ناوچەیە لە ئەنجومەندا، ئەلێکساندەر پاپهام، بوو بە سەرهەنگی یەکەی شەڕوانیی ناوچەیی ئەنجومەن و باوکی لۆکی بۆ فەرماندەیی دیاریکرد. باوکی لۆک بۆ تێکەڵبوون بە خەبات ماڵی بەجێهێشت. یەکەی شەڕوانیی سەرهەنگ پاپهام لەپاش رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەندین ستوون لە پاشایەتیخوازی لە هەموو شت بێئاگا، زۆر بەخێرایی ناچار بوون را بکەن و تێکەڵ بە سوپای ئەنجومەن بوون لە دۆیزس، بەڵام ئەم جارەیان پاشایەتیخوازەکان ئامادە بوون و لەو شەڕەدا کە هاتە رێیان باولی لۆک و پاپهام هەر ئەوەندە شانسیان هێنا کە توانیان گیانی خۆیان دەرباز کەن. دوای ئەوە «بڕیاریاندا ژیانی سەربازی وەلا بنێن» و گەڕانەوە ماڵەوە.

لەو سەروبەندەدا دەوڵەت کەوتبووە نائارامییەوە و بنەماڵەی لۆک لە مووچە بێبەشکران. سەرهەنگ پاپهام ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ فەرماندەکەی پێشووی خۆی خستە گەڕ، بەڵام نەیتوانی پیشەیەکی وەک کارمەندی زێرابەکانی گوندەکەی بۆ بدۆزێتەوە (ئەوە دەتوانێت رەنگدانەوەی ئەو رێزە بێت، کە لەو شوێنە بۆ هەردووک ئەو شەڕوانانەیان دادەنا).

لە 1646 چارلز بەدیلگیرا و سێ ساڵ دواتر لە سەری درا. کۆمەڵگەیەکی هاوبەرژەوەند دامەزرا کە ئۆلیڤەر کرامۆڵ زۆر بەخێرایی بوو بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵگەیە. لە هەمانکاتدا سەرهەنگ پاپهام توانی چاکەیەکی تر لە ئاست هاوڕیی خۆی، فەرماندە لۆکدا بکات، ئەو لە پۆستی ئەندامی ئەنجومەندا رێگەی ئەوەی پێدرا ناوی چەند شاگردێک بۆ رۆیشتن بۆ قوتابخانەی ڤۆست مێنستێر لە لەندەن تۆمار بکات کە لەو سەردەمەدا باشترین قوتابخانەی وڵات بوو. ئەو چاکەیە کە ئەو لە ئاست منداڵی پارێزەرێکی بێناونیشانی نەداردا لە گوندەکانی خۆراوای وڵات کردی، ژیانی لۆکی گۆڕی. بەبێ وەها پەروەردەیەک گومان هەیە لەوەدا کە لۆک دەرفەتی وەجەستە هێنانی توانایە ناوازەکانی خۆی هەبوایە.

سەیر ئەوەیە کە ئەگەرچی ڤۆست مێنستێر لە ژێر دەسەڵاتی دەستەی ئەنجومەنیدا بوو، بەڵام سەرپەرشتیارەکەی تا ئەو کاتەش پاشایەتیخواز بوو. ئەو ئەکتەرێکی شکستخواردوو بەناوی دکتۆر بازبی بوو، کە بەهۆی تەمبێکردنە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

نمایشی و سادیستییەکانی ناوبانگی دەرکردبوو. بە وتەی جۆن درایدنی شاعیر کە هاوکاتی لەگەڵ لۆک لە ڤۆستی مێنستێر بوو «سەرۆکەکەمان، بازبی تا دەیتوانی بە قامچی لە شاگردەکان دەدا، بۆ ئەوەی بێ مێشکێکی تەواویان لێدروست بکات». بەڵام ریچارد ستیل ی ئێزنووس کە ئەویش لە شاگردەکانی ئەوێ بوو لەو باوەڕەدا بوو کە بوزبی «لە پەروەردەدا بلیمەت بوو» و سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە ئەم بۆچوونەی دوایی زاڵ بووە. دوو سەدە دواتر سەرۆک وەزیر ویلیام گلادستۆن وەک «دامەزرێنەری سیستەمی قوتابخانە گشتییەکان» ئاماژەی بە دکتۆر بازبی کرد.

جۆن لۆک مێرمنداڵێکی کەم ئەزموون بوو و وێناکردنی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دکتۆر بازبی بەبێگومان توانایە فکرییە نوستووەکانی ئەوی بەتەواوی وروژاند. لۆک یەکێک لە بەرجەستەترین شاگردەکانی ڤۆست مێنستێر، بەدڵنیایی درایدنی زووپێگەیشتووی کە بەر لە وازهێنان لە قوتابخانە شیعری دەنووسی، دەناسی. وادیار بوو درایدن هەندێک شت لە فێڵەکانی خەبات بۆ مانەوەی بەڕێوبەری پاشایەتیخوازی قوتابخانەکەی فێر بووبێت - لە قوتابخانەیەکدا کە ئەو کاتەی پاشا راست لەوبەری گۆڕەپانی ئەنجومەن لە وایت هۆڵ لەدار درابوو، لەژێر چاودێریی ئەنجومەندا بوو. درایدن لە تەمەنی بیست و شەشساڵیدا ناچار بوو ستایشنامەیەکی پاڵەوانێتی بۆ ئۆلیڤەر کرامۆڵ بنووسێت. دوو ساڵ دواتر کە پاشایەتی گەڕایەوە، درایدن دەبوو ستایشنامەیەکی بە هەمان رادە لەبەردڵان بۆ چارلزی دووهەم بنووسێت و دواتر پلەی شای شاعیرانی وەک پاداشت وەرگرت. لە کاتی شای شاعیرانیدا چامەیەکی بە کڵێسای ئەنگلیکندا هەڵکوت، بەڵام کاتێک کە جەیمزی دووهەمی کاتۆلیک گەیشتە تەختی پاشایەتی ئەویش بیروباوەڕی خۆی گۆڕی و بوو بە کاتۆلیک و ستایشنامەیەکی حەماسیی بە ئایینی کاتۆلیکدا هەڵکوت.

بەداخەوە ئەمجارەیان نێکەوت، لەبەر ئەوەی چەند ساڵێک دواتر ولیام، پاشای پرۆتستان گەیشتە سەر تەخت و درایدن بەرگی شای شاعیرانی لێسەندرایەوە. هەموو ئەمانە لەوە سەیرترن کە پەیوەندییەکیان بە جۆن لۆکەوە هەبێت، بەڵام بۆ روونکردنەوەی جێگۆڕکێ یەک لەدوای یەکەکانی (زۆر جاریش مەترسیدار)

دۆخی سیاسی کە لەکاتی ژیانی ئەودا روویان دەدا، یارمەتیمان دەکات.

لۆک بەپێچەوانەی شاعیری گەورە پرەنسیپەکانی خۆی بە شتێکی زیاتر لە شەن و با دەزانی، بەڵام بە هەموو ئەمانەوە، پرەنسیپەکانی لۆکیش چەندین گۆڕانی بەسەردا هات. یەکەمینیان لەکاتی خوێندکاریی ئەو لە ڤۆست مێنستێر روویدا. لۆک لە ماڵێکدا گەورە بوو کە بە گوڕێکی زۆرە لایەنگرییان لە ئەنجومەن دەکرد، بەڵام لە قوتابخانەدا خۆی وەک هاوڕێی کۆمەڵێک لە پاشایەتیخوازەکان بەدیکرد. ئەو رووبەڕووبوونەوانە، هەروەها بێزاریی ئەو لە هەندێک لەو زێدەڕەوییانەی ئەنجومەنییەکان (وەک لەداردانی پاشا) بوو بەهۆی ئەوە کە تێڕوانینێکی هاودڵانەتری لەگەڵ پاشایەتیخوازەکان هەبێت. ئەوەش بە پشت بەستن بە ئەزموون و ئاسانگیری -ئەو دوو خەسڵەتەی کە لۆک بەوانەوە دەناسرێتەوە- پێشتر ئاشکرا بوو.

بەڵام لە رووەکانی ترەوە لۆک دەستپێکەرێکی خاو بوو. ئەو رەنگە لە قوتابخانە شاگردێکی زیرەک بووبێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی لە هێزە مەزنە فکرییەکان لە خۆی دەرنەخست. لەڕاستیدا ڤۆست مێنستێری هەتا تەمەنی بیستساڵی (تەمەنێک کە لەو کاتەدا پلەی مامۆستایەتییان دا بە گێتفرید لایبنیتس) بەجێنەهێشت. لۆک لە 1652 وەک خوێندکارێک لە خوێندنگەی کریست چۆرچ ئۆکسفۆرد خۆی تۆمار کرد. خوێندن لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە قۆناغی سەدە ناوەڕاستییەکاندا مابوویەوە. خوێندکارەکان ئەرک بوو لە سەریان لەگەڵ راهێنەرەکانیان و لەگەڵ یەکتریشدا بە زمانی لاتین قسە بکەن. بەرنامە دەرسییەکەی بە خوێندنی دەقە کلاسیکەکان، لۆژیک و مێتافیزیک بەرتەسک دەبووەوە و سەرەڕای فەلسەفەی نوێی دیکارت و پێشکەوتنە بەرفراوانەکانی ئەو کاتە لە زانست و ماتماتیکدا، ئەرستۆ و سکۆلاستیزم زاڵتر بوون. خوێندکارەکان نە ئەم دنیایان هەبوو و نە ئەو دنیاش لەبەر ئەوەی تەنانەت بەرژەوەندییە لە کۆنەوە پڕلایەنگرەکانی پەروەردە سەدە ناوەڕاستییەکان هەڵوەشابوونەوە. بە ماوەیەکی کورت پێشتر سەرۆکی خاوەن ناو و ناوبانگی زانکۆ بارِ و مەیخانە هەرزانەکانی ئۆکسفۆردی داخستبوو.

ریزی یەک لەدوای یەکی دەقە کلاسیکەکان و سیکۆلاتسیزم ئەوەندە

ماندووکەر بوو، تەنانەت لۆک ناچار بوو لە شوێنێکی تر بەشوێن خۆراکی فکریی خۆیدا بگەڕێت. ئەو وردەوردە خولیای چووە سەر تاقیکردنەوە کیمیایی و پزیشکییەکان. زانستە تاقیگەییەکان بەو دواییانە لەلایەن جۆن ویلکینزەوە برابووە زانکۆی ئۆکسفۆرد. بە هەمان ئەو چاوە سووکەوە سەیریان دەکرد کە زانکۆکانی ئەمڕۆ لە ESP یان ئابووری دەڕوانن و هەتا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کرانەوەی ئەو بەشە لە ئۆکسفۆرد دژایەتیکرابوو. (ئەو راستییەی کە ویلکینز زڕبرای کرامۆڵ بوو لەوانەیە یارمەتیی زاڵبوون بەسەر ئەو دژایەتییانەیدا دابێت.)

ریچارد لاڤر، هاوقوتابخانەیی پێشووی، لۆکی لەگەڵ پزیشکیدا ئاشنا کرد. زانستی پزیشکی هێشتا تا رادەیەکی زۆر پشتی بە ئەرستۆ و سەرچاوە کۆنەکانی یۆنان وەک سوقرات و جالینووس بەستبوو، بەڵام هەندێکەس هەستیان بە پێویست بوونی پەرەپێدان بەو زانستە لەڕێگەی توێژینەوە و تاقیکردنەوەی زانستییەوە دەکرد. ئەو مینۆدانە پێشتر پێشکەوتنی مەزنیان لە لێکۆڵینەوە لە ئاناتۆمی - وەک دۆزینەوەی سووڕی خوێن لەلایەن ولیام هارۆیەوە- لێکەوتبوەوە. (لە ئەنجامی ئەو کارەدا لاڤر، هاوڕێی لۆک تاقیکردنەوەیەکی بوێرانەی گرتە ئەستۆ - بوێرانە بۆ نەخۆشەکەش و خۆیشی - و بوو بە یەکەمین کەسێک کە تێرژاندنی خوێنی بە سەرکەوتوانە جێبەجێکرد.) تەنانەت بە هەموو ئەمانەشەوە، پزیشکی لە بواری کردەکیدا زیاتر لە قۆناغی حەکیمباشییەکان و دەلۆکەکاندا مابوەوە. لۆک زۆر چاوبرسییانە دوایین گۆڕانکارییەکانی دەخوێندەوە و خۆی لەوە دەبوارد، کە هونەرە پزیشکییەکانی وەک سەرگەرمییەک بۆخۆی لەبەرچاو بگرێت.

لە کۆتاییەکانی 1650 کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەند لەلایەن پیۆرێتنەکانەوە بەڕێوەدەبرا و وڵات وردەوردە تووشی خورافەگەرایی پاش شۆڕش دەبوو، کە لەو کاتەدا تەنانەت لەدوای شۆڕشە لادینییەکاندا بڵاو ببوەوە. ئینگلیزەکان هەمیشە لە ماندووکەربووندا بەتوانا بوون و چەندین جاریش لە درێژەی مێژووی خۆیدا، لە چەندین سەردەمی بەرچاودا وەک سەرانی بێڕکابەری جیهان لەو بوارەدا سەریانهەڵدابوو. ئەوە یەکێک بوو لەو سەردەمانە. لە ژێر دەسەڵاتی پیۆرێتنەکاندا هەموو نیشانە ئاشکراکانی چێژ بەتوندی قەدەغە کران، تەنانەت رێوڕەسمی کریسمەس، ئەگەرچی بەرزی رادەگیرا، بەڵام قەدەغە کرا. چاوەڕوان دەکرا لە

هاوڵاتییەکان کە تەواوی ڕۆژەکە کار بکەن و پاشماوەی کاتەکەشیان بۆ خۆگونجاندن تەرخانبکەن. ژیان بوو بە پاشکۆی ڕاهێنانەکانی پیۆریتنەکان و پۆلیسی فکر و سیخوڕەکان (سەبارەت بەو کەسە شەلاتیانەی کە لە ڕۆژی کریسمەسدا قوودینگیان دەخوارد) و گەلێک کۆبوونەوەی دووردرێژ بۆ مەرقەسگەرایی، لۆقاگەرایی و یووحەناگەرایی تەرخان دەکرا. سەرئەنجام تەنانەت ئینگلیزییەکانیش تاقەتیان بەسەرچوو و بڕیاریاندا چارلزی دووهەم بانگهێشتی دەسەڵات بکەن. پێیان باشتر بوو هەمیشە سەرخۆشێک کە لەگەڵ سۆزانییەک دەژیا فەرمانڕەواییان بکات و بەبێ پوودینگ جەژنی کریسمەس نەکەن.

لەو کاتەدا باوکی لۆک بە سەختی نەخۆش کەوتبوو. لۆک هەواڵی پێگەیشت کە پزیشکی ناوداری ئایرلەندی، ئیدمۆند میرا چارەسەریدەکات و لە نامەیەکدا بۆ باوکی نووسی کە دڵنیایە کە لەژێر چاودێریی دەستانێکی دڵنیادایە و بە زویی چاکدەبێتەوە. ئەوە سەیر بوو لەبەر ئەوەی دکتۆر میرا بەر لەوە بەهۆی شەرمەزار کردنی دۆزینەوەی سووڕی خوێن لەلایەن هارڤێ-یەوە وەک تەڵەکەبازییەک، بەدناو ببوو و تێزیەکی نووسی و لەوێدا «هێرشیکردبووە سەر ئەو هاوڕییەی لۆک کە لە پزیشکیدا پێشەنگ بوو.»

لە ئەنجامی چاودێرییەکانی دکتۆر میراوە تەندروستیی باوکی لۆک بەخێرایی خراپتر بوو و لەماوەی چەند مانگێکدا کۆچی دوایی کرد. ئەگەرچی لۆک بەر لە کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەو بەرەو سامرەست سەفەریکرد (و تەنانەت پزیشکێکی تازەشی ئاگادار کردەوە)، هەڵسوکەوتەکەی لێرەدا بۆ ئەوە نابێ باسی لێوە بکرێت.

ئایا دەشێ ئەو دڵ ئێشانێکی (ڕەنگە نائاگاهانەی) لە باوکی هەبووبێت؟ باوکی لۆک لە ماڵێدا سەختگیر بوو، بەڵام لەدوای ئەوەی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بۆ ماوەیەکی کاتی تێکشکا، بێگومان دەسەڵاتی خۆی لەدەستدابوو. لۆک لە ژیانی دواتری خۆیدا بە ڕێزەوە باسی باکی دەکرد، بەڵام چونکە عادەتی وابوو کە هەستە قووڵترەکانی خۆی لەلای خۆی هەڵگرێت، تەنیا دەتوانین گومانی ئەوە بکەین.

لۆک لە ئەنجامی مردنی باوکی پارچەیەک زەوی و چەند خانوچکەیەکی

بە میراث بۆ مایەوە. کرێی ئەوانە داهاتێکیان بۆ ئەو دابینکرد، کە ئوانی بەو کرێیەلە پاشماوەی تەمەنیدا ژیانێکی مامناوەندیی هەبێت، بەڵام لۆک هیوای دەوڵەمەند بوونی لەسەردا نەبوو. ئێستە ئیتر خوێندنی تەواو کردبوو و ببوو بە راهێنەر لە چۆرچ کریست. گەڕانەوەی پاشایەتی ئازادیگەراییەکی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و لۆک -بەشێوازی پارێزکارانەی خۆی- سوودی لەوە وەرگرت. دەستیکرد بە چاوبازی لەگەڵ ژنانی دەوروبەری (کە لەو رۆژانەدا حەزیاندەکرد وەها بناسرێن و زۆرجاریش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیاندەکرد - جگە لە دەرباری پاشا و کۆمێدیاکانی گەڕانەوەی پاشایەتیدا).

ئەگەر بەپێی ئەو وێنانەی کە لە لۆک لەبەردەستمانە بڕیاری لەسەر بدەین، ئەو پیاوێکی زۆر رێکپۆش بە شێوەیەکی ساکار و جیاواز بوو. ئەوەش ناتەندروستییە هەمیشەییەکەی قەرەبوو دەکردەوە. وا هەستدەکرێت کە لە منداڵییەوە تووشی نەفەس تەنگی بوو. هەندێک کەس ئەوەیان بە هۆکارگەلی دەروونی-جەستەیی ئەوەوە گرێیداوەتەوە و لەڕاستیدا پێدەچێ لە کاتی منداڵیدا کێشە و گرژی لە ماڵیاندا هەبووبێت. دایکێکی جوان لە چینێکی کۆمەڵایەتیی نزمتر لەگەڵ پیاوێکی بەدوور لە چاوچنۆکی و هەندێک جار بێ پارە زەماوەندیکرد، کە دە ساڵ لەو گەورەتر بوو و چەند قۆناغێکی دوورودرێژی دوور لە ماڵ و لە شەڕی ناوخۆدا تێپەڕاند و ئەوەش یارمەتیدەرێکی باش بۆ ئاسوودەیی بنەماڵە نەبوو، بەڵام نەفەس تەنگی رێگەی لە چاوبازیی ئەو نەگرت. بەداخەوە لۆک لە ژینگەیەکی خێزانیی لایەنگری ئەنجومەندا گەورە ببوو، کە لایەنگریی لە بیروباوەڕەکانی پیۆرینتەکان دەکرد. ئەو کە ئێستا هاوسۆزییەکانی خۆی بۆ پاشایەتیخوازەکان گواستبۆوە، هیچکات بەتەواوی وازی لە وەفادارییەکانی پێشووی خۆی نەهێنا. لە قووڵایی دڵیدا شتەیەک لە ئەخلاقی پیۆرینتی تێدا مایەوە - چ لە هەڵسوکەوتدا و چ لە هەڵبژاردنی ژنەکاندا. نامەی دوورودرێژی ئەویندارانەی بۆیان دەنووسی و ئەوانیش بە شێوازێکی بە هەمان رادە ئەویندارانە وەڵامیان دەدایەوە. نموونەیەک لەو نامانە دەخرێنەڕوو:



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**کاکی بەڕێز**

ناتوانی ئەوە بهێنینە بەرچاوت کە بە چ حەز و خولیایەکەوە نامە ڕێزدارانە و پڕکاریگەرییەکەتانم خوێندەوە.

بەداخەوەم کە دەبیستم لە ڕێچکەی خۆت لاتداوە و نیگەرانم کە من هۆکاری ئەوە بووبێتم، چونکە دڵنیاتت دەکەمەوە کە ئەوە دوعا و پاڕانەوەی من بوون، کە سەفەرێکی خۆشتان هەبێت....تاد

بەم شێوەیەش کۆتایی پێدێت: «من هەروا وەک هاوڕێی نزیکی ئێوە دەمێنمەوە.»

لۆک هەفتەیەک دواتر وەڵامیدایەوە: « ئەوەیکە خێرایی وەڵامەکانی من بە خێرایی ئێوە نییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لەسەرخۆ چوونەی کە نامەکەی ئێوە تووشیکردم و هەفتەیەکیش کەمە بۆ تێپەڕاندنی».

سەیر نییە کە ئەم لاس لێدانە درێژخایەنانە کە هەندێکجار لەگەڵ زیاتر لەگەڵ خاتوونێکدا هەیبوو ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەدەکەوتەوە.

بەڵام لۆک ڕەنگە سەبارەت بە دواکەوتنێکی یەک هەفتەیی وەڵامەکەی بۆ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی هەندێک ڕیاکار بووبێت. سەرەڕای تەندروستییە ناتەواوەکەی، بەرنامەیەکی کاریی قورسی هەبوو و هەتا درەنگانی شەو کتێبی دەخوێندەوە.

بەڕواڵەت لۆک وانەبێژی یۆنانی کۆن بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە زانستییەکان تەرخاندەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی لەڕووی تیۆرییەوە تاقیکردنەوە پراکتیکیی بەلاوە باشتر بوو، بەڵام بە کردەوە توێژینەوەکانی تەنیا بە تیۆریک مایەوە.

وادیار بوو زانست پێویستییەکی قووڵی لە لۆکدا دەستەبەر کردبێت. ئەو وەک وڵاتەکەی لە نێوان «ئەمەگداریی دۆگم بە نەریت» کە پاشایەتیخوازەکان هەیانبوو و «خولیا» (واتە کەفوکوڵی سۆزدارانەی هەڵتەخڕاو)ی پیۆریتنەکاندا دوو لەت ببوو. بەلای لۆکەوە زانست ڕێگەی دەرچوون لەو دوو ڕێیانە بوو. زانست بابەتێک بوو کە تەنیا پشتی بە ئەزموون دەبەست (نەک نەریت) و لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە (نەک بە پابەندیی بیروباوەڕی دەمارگرژانە) بە هەقیقەتەکانی

خۆی دەگەیشت.

توێژینەوەی زانستە ئەقڵییەکانی لۆک سەرئەنجام گەیشتە دیکارت. سەرئەنجام لە کۆتاییەکانی تەمەنی سە و چوار ساڵیدا بابەتی دڵخوازی خۆی دۆزییەوە. دیکارت بوو کە «خولیای توێژینەوە فەلسەفییەکانی» لەودا راساند. فەلسەفەی دیکارت کاریگەرییەکی دیاریکەری لەسەر لۆک هەبوو. لەڕاستیدا هەتا بە ئەمڕۆ هەندێ لە راڤەکارە فەڕەنسییەکان ئەو بە یەکێک لە پەیڕەوەکانی دیکارت هەژمار دەکەن، کە پێکەنیناوییە – و بەڵگەش بۆ ئەوە ڤۆڵتێرە کە دیکارتی رەتدەکردەوە، بەڵام لۆک کاریگەریەکی قووڵی لەسەری هەبوو. لۆک بەبێگومان بایەخی دیکارتی لە تێکشکاندنی ئەرستۆ و کۆتاییهێنان بە سکۆلاتستیزمی خنکێنەری ستایش دەکرد. دیکارت بۆ گەیشتن بە بەستێنێکی بێ ئەملاو ئەولا بۆ هەقیقەت، گۆمانی لە گەواهیی هەستەکانی و تەنانەت کارایی زەینی خۆیشی کرد. ئەو ناسیارییەی کە لەو سەرچاوانەوە بەدەستدەهات، هیچکات نەیدەتوانی بەشێوەی رەها یەقینبێت. هەستەکانی ئێمە و کاری زەینی ئێمە هەردووکیان هەڵماندەخەڵەتێنن. چۆن دەتوانین دڵنیا بین لەوەی خەریک نین خەون دەبینین و ئەوەی دەیبینین تەنها تراویلکەیەک نییە و بەس؟ کاتێک بە وەڵامێکی متمانەیک دەگەین، هەمیشە پێدەچێ لە لێکدانەوەکانی پێشوودا هەڵەمانکردبێت. دیکارت بە گومان کردن لە هەموو شت بە ئەنجامە بەناوبانگەکەی خۆی گەیشت «بیردەکەمەوە کەواتە هەم». تەنیا دەکرا هەر لەوە دڵنیا بین. ئەوکات دەکرا لەسەر ئەم بناغەیە و بە یارمەتیی بەڵگاندن و ئەنجامگیری جیهانێکی دڵنیاتر دروستبکرێت. لۆک دانی بەوەدا دەنا کە ئەم شێوازەی دیکارت زۆرێک لە واتا قبووڵکراو و پێشتر چەسپاوەکان وەلا دەنێت، بەڵام غەریزەکانی ئەو زانستی بوون. ئەو متمانەی بە بەڵگاندن و ئەنجامگیرییەکانی دیکارت وەک شێوازێک بۆ گەیشتن بە هەقیقەت نەبوو. بەبۆچوونی لۆک ئەو هەقیقەتە تەنیا لەڕێگەی ئیستقراوە دەکرا بدۆزرێتەوە « مینۆدی زانستی.

بیرمەندی فەڕەنسی، پییەر گاساندی، یەکێک لە بەبڕستترین رەخنەگرانی دیکارت، هاندەری لۆک بوو لەم روانگەیەدا. گاساندی ماتماتیکزانێکی ئاڕادەیەک دیار بوو، بەڵام لە سەردەمی ژیانی خۆیدا لە چوارگۆشاندنی (تربیع) بازنەدا

سەرکەوت. گاساندی توانیبووی رۆڵەکانی رۆحانییەک، فەیلەسووفێک و زانایەک لە خۆیدا چێ بکات. وەک فەیلەسووف لایەنگریی لە ئیپیکۆرگەرایی دەکرد (کە بڕوای بە ژیانی دوای مەرگ نەبوو) و وەک زانا یەکەم کەسێک بوو کە سووڕانەوەی هەسارەی بەرجیسی بەدەوری خۆردا بەدیکرد (لەکاتێکدا کە پاپا هێشتا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە خۆر و هەسارەکان بە دەوری زەویدا دەسوڕێنەوە). هەر پێمان دەکرێ سەرمان سووڕ بمێنێ کە گاساندی وەک قەشەیەکی کاتۆلیک چۆن توانی ئەو بیرە بازنەییە لە چوارگۆشەی راست ئایینیی کاپۆلیکدا بگونجێنێت.

گاساندی پێداگر بوو لەسەر ئەوەیکە سەرجەم ناسیاری پشت بە تێگەیشتنی هەستەکی دەبەستێت. ئەوە بەلای لۆکەوە بە هەمان رادەی «بیر دەکەمەوە»ی دیکارت گرینگ بوو: تێگەیشتنی هەستەکی بوو بە بناغەیەک کە لۆک فەلسەفەی خۆی لەسەر دارِشت.

لۆک هیچکات قەرزداریی خۆی بە گاساندی ئاشکرا نەکرد. ئەوەش کەسایەتیی ئەو بەباشی دەردەخات. لۆک لە سەرتاسەری ژیانیدا پیاوێکی بێڕادە پڕنهێنی بوو. لە یاداشتەکانیدا جۆرێک لە خێرانووسیی رەمزاوی، هەروەها هەندێک نیشانەی نادۆزەنی کەڵکی وەردەگرت. تەنانەت کاتێک کە نامەی بۆ هاوڕێ مێینەکانی خۆی دەنووسی، هەندێکجار لە شوێنە هەستیارەکاندا کەڵکی لە مرەکەبی نادیار وەردەگرت - هەرچەند کە دەبێ پەنجە بخەینە سەر ئەوە کە وشەی «هەستیار» بۆ لۆک وشەیەکی زۆر رێژەییە. (ئەگەر ئەو باوەڕەی کە هەر کەسەو فریشتەیەکی پشتیوانی خۆی هەیە راست بێت، من دڵنیام کە کە فریشتەی پشتیوانی من تۆی، لەبەرئەوەی دەبینم کە بەپشتیوانیی هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ نەک تەنیا بەختەوەرتر بەڵکو باشتریشم و ئەو چەوتییانەی لە شوێنانی تر هێرش دەکەنە سەرم، کاتێک لەگەڵ تۆم لێم نزیک نابنەوە». بەداخەوە چ بە مرەکەبی نادیار بنووسرێت، یان نا، بەپێی پێویست مەترسیدارهەیە!)

لۆک لەوانەیە هەوڵیدابێت قەرزداریی خۆی بە گاساندی بشارێتەوە، بەڵام نهێنیپارێزیی ئەو بوو بەهۆی ئەوەی کە بەتەواوی نکۆڵی لە کاریگەرییەکی سەرەکیی تریش لەسەر هزری خۆی بکات. ئەو کاتەی کە هێشتا خوێندکار بوو، شاکارە سیاسییە دەسەڵاتگەرایانەکەی تۆمس هۆبز، لێڤیاتانی خوێندبوەوە. هۆبز

لەو بەرهەمەیدا ئەو روانگە رەشبینانەیە دێنێتە بەرباس کە بەبێ حکوومەت «ژیانی مرۆڤ دەکەوێتە گۆشەگیری و فەلۆکەت و نەگریس و ئاژەڵی و زۆر کورت دەبێت». مرۆڤەکان ئەو حاڵەتە سروشتییەیان بۆ قبووڵ نەکراوە و بۆ زاڵبوون بەسەریدا لەدەوری کۆمەڵانی خاوەن حکومەت کۆببوونەوە. هەر شێوەیەکی حکومەت باشتر لە نەبوونی بوو، بەو پێیەش پێویستە مل بۆ هەر کەسێک کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە کەچ بکەین.

لۆک خۆی بە هاوڕا زانیبوو لەگەڵ ئەو بۆچوونە. « فەرمانڕەوای هەر گەلێک، لە هەر رێیەکەوە کە هاتبێتە سەر کار، مەرجە کە دەسەڵاتی رەها و دڵخوازانەی بەسەر سەرجەم کردارەکانی خەڵکەکەی خۆیدا و بەبێ هیچ جیاوازییەک هەبێت. تێگەیشتن لەوە لە ساڵانی پڕئازاری پاش شەڕی ناوخۆ، لەنێو «ئەو شێتخانە گەورەیەی ئینگلتەرادا» هاسان بوو، بەڵام مەودایەکی زۆری لەگەڵ ئاسانگیریدا هەبوو کە بەردی بناغەی فەلسەفەی دواتری لۆک بوو. پاش تێپەڕینی ساڵانێک بیرکردنەوەی لۆک وردەوردە لەم تێڕوانینەی سەرەتای دوورکەوتەوە، بەڵام ئەو هەمیشە نکۆڵیدەکرد لەوەی کە هۆبز یەکەمین کاریگەرییەکانی لەسەری هەبووبێت و ئیلهامی پێبەخشیبێت کە سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی بیر بکاتەوە

ماوەیەک لۆک لە کریست چۆرچ بوو بە مامۆستا، بیرەکانی سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی وردەوردە قووڵتر بۆوە. لە 1663 ئێزیەکی بەناوی یاسای سروشت نووسی، بەڵام بڵاوی نەکردەوە. ئەوە نیشانەی قۆناغێکی دیاریکەر لە هزری لۆکدا و پەیوەندیی بوێرانەی نێوان فەلسەفە و سیاسەت بوو – بەشێوەیەک کە پێشتر بەدینەکرابوو و لەپاش ئەویش هیچکات باشتربوونێکی بەسوودی بەخۆیەوە نبینی. لۆک لەو بڕوایەدا بوو کە تۆخمی سەرەکی لە هەموو پرسە سیاسییەکاندا سروشتی مرۆڤەکانە و بۆ تێگەیشتن لە سروشتە سەرەتایی یەکەمجار دەبێ ئاشکرای بکەین، کە مرۆڤەکان چۆن بە ناسیاریی خۆیان لەو جیهانەی تیایدا دەژین دەگەن. هەوڵەکانی دواتر بۆ پشتگوێخستنی ئەو پەیوەندییە تۆکمەیەی نێوان فەلسەفە و سیاسەت زۆربەی جارەکان یان بە سیاسەتی نامرۆڤانە کۆتایی هاتووە، یان بە فەلسەفەی نامرۆڤانە. هەروەک دواتر دەبینین ئەو پرسانە راستەوخۆ رێدەبەنە بەر فەلسەفەی دواتری لۆک و روانگە گەشبینانەتری ئەو

سەبارەت بە سروشتی بنچینەیی مرۆڤ.

لۆک پاش چوار ساڵ دڵتەڕی لەگەڵ خاتوونەکانی ئۆکسفۆرد و وتنەوەی وانەی یۆنانی کۆن، بڕیاری دا بەرەو پانتاگەلی نوێتر هەنگاو بنێت. لە 1665 بوو بە سکرتێری دەستەیەکی دیپلۆماتیک و سەفەر بەرەو براندنبۆرگی قبووڵکرد. بەو شێوەیەی لە نامەکانی دەردەکەوێت خۆراکە بیانییەکانی کە «زیاتر زبڵ و زاڵ بوون هەتا خۆراک» لەلا خۆش نەبوو و جارێکیش «گۆشتی مانگا بە بەهێی هاڕاو»یان بۆ هێنابوو، کە هەڵبەت زۆر ژێرمەنیتر لەوە بوو کە پێی خۆش بێت. سەرەڕای پێشنیاری کاری دیپلۆماتیکی تر گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی لە ئۆکسفۆرد. لێرە خوێندنەوەی دوایین بەرهەمەکانی دیکارت و بەدواداچوون بۆ حەزە ناپسپۆڕییەکانی خۆی لە بواری پزیشکیدا درێژە پێدا و ئاگای لەوە بوو کە زۆر نەچێتە پێش نەکا تووشی تاعوون بێت، کە لەو سەردەمەدا لە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاوکردبوویەوە.

لۆک لە ئۆکسفۆرد لەگەڵ بەگزادەیەکی بچکۆلەی کەمێک ناشیرین ئاشنا بوو، کە بڕیار بوو رۆڵێکی دیاریکەر لە ژیانی ئەودا بگێڕێت. لۆرد ئاشێلی باڵایەکی کەمتر لە سەد و پەنجا سانتی هەبوو، بەڵام کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو. سیاسەتمەدارێکی بوێر و زیرەک بوو. سەرەتا پشتیوانیی لە پاشایەتیخوازەکان دەکرد، بەڵام لە میانەی شەڕی ناوخۆدا کە گومانی ئەوە کرد چارلزی یەکەم بەتەمایە خۆی بە کاتۆلیکەکان بفرۆشێت، ئاراستەی خۆی گۆڕی. لە سەردەمی هاوبەرژەوەنددا کرامۆل ئەشێلیی بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی دەوڵەتی دیاری کرد، بەڵام دواتر لەگەڵ ئەربابەکەیدا تووشی ناکۆکی بوو. لە 1660 ئەندامی گرووپێک بوو کە ئەنجومەن ناردنی بۆلای چارلزی یەکەم، بۆ ئەوەی پێی بڵێ بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و لە هەموو شتێکی خۆش بوون. ئەشێلی لەو کاتەدا کە لەگەڵ لۆک ئاشنا بوو یەکێک لە بەهێزترین کەسایەتییە سیاسییەکانی وڵات بوو. وادیار بوو ئەشێلی هەر لەسەرەتاوە لۆک سەرنجی راکێشابوو. زۆری نەخایاند کە ئەشێلی ئەو فەیلەسووفەی وەک پزیشکی تایبەتیی خۆی دامەزراند. لۆک سەرەڕای ئەوە کە رێگەی وەرگرتنی ئەو پیشەیەی نەبوو، منداڵبوونی ژنەکەی ئەشێلیی بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا. کاتێک کە ئەشێلی تووشی ئاوسان و ئیلتهابی جگەر



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بوو، ڕەنگە پێنانئوایە لۆک پزیشکێکی ئاگادر کردوەتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک وانییە. لەدوای خوێندنەوەی چەند ئێزیەکی پزیشکی، بڕیاریدا نەشتەرگەریی بۆ بکات. دەلۆکێکی بانگکرد، بۆ ئەوەی سکی ئەربابەکەی بکاتەوە و لەوێوە لۆک بۆرییەکی زیویی خستە ژوورەوە، بۆ ئەوەی ئیلتهابەکەی بەتاڵ بکات. لۆرد ئەشێلی لە پاشماوەی تەمەنیدا ئەو بۆرییەی لە سکی خۆیدا هەڵگرت و پێیوابوو لۆک ژیانی ئەوی رزگار کردووە. سەیر ئەوە بوو کە تاڕادەیەک بە دڵنیاییش وا بوو.

لۆک جگە لە خزمەت بە بنەماڵەی ئەشێلی وەک پزیشکێکی ساختەکار، وەک ڕاهێنەری منداڵەکانیشی خزمەتی دەکرد و تەنانەت چەند دانیشتنێکیشی بۆ هاوسەرگیریی کوڕی لۆرد ئەشێلی ئەنجامدا. هاوسەرگیرییە دەرەبەگییە ئینگلیزییەکان وەک هاوسەرگیریی نێوان جوتیارە ئەورووپای ناوەڕاست چەنە لێدانێکی قورسی نێوان دوو بنەماڵەکەی تێدا بوو. لەلای جووتیارەکانیش و خانەدانەکانیش چۆنیەتیی پەروەردە و زەوی و زار و پارەی نەقد زۆر جار خاڵی سەرەکی بوون - باشییە جوانیناسانەکان و هەستە ناسکترەکانی هەردووک لا بە هەمان رادە کەم سەرنجی پێدەدرا کە بەڵگە نەویستێ بوون. لۆک لە پاش تەواو کردنی مامەڵە ئاساییەکە گرێبەستێکی جێبەجێکرد و هاوسەرگیرییەکە بەرەو پێش چوو.

لۆک لەوکاتەدا لە لەندەن دەژیا و دەیتوانی بە رێکوپێکی چاوپێکەوتنی لەگەڵ هاوتا فکرییەکانی خۆیدا هەبێت. لەو چاوپێکەوتنانەدا سەبارەت بە دوایین گۆڕانکارییە فەلسەفی و زانستییەکان ( بۆ نموونە ئەوەیکە چۆن مرۆڤ دەتوانێت بە بۆرییەکی زیوین لە ناو سکیدا درێژە بە ژیان بدات) گفتوگۆیاندەکرد.

لۆک کۆمەڵێک دەقی فەلسەفیی تریشی نووسی کە لە نزیکەی بەدڵنیایی هەموو وڵاتان جگە لە هۆڵندا ژیانی ناو زیندانی بۆ هەموو تەمەنی گەرەنتی دەکرد. لەو دەقەدا ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ کەسێک ئەوەندە نازانێت کە مافی ئەوەی هەبێت فەرمانبدات بەسەر ئەویتردا، تەنانەت ئەگەر جۆرێک لە دینیش بێت. ناچار کردنی کەسێک بەبێ ئەوەی بیەوێ، تەنیا یەکسان بوونی زارەکیی لێدەکەوێتەوە و ئێمە هەموومان لەبەرانبەر خودادا بەرپرسیارین و ئەوەش نەک

تەنیا دەمانتکاتە بوونەوەرێکی ئەخلاقی، بەڵکو پەیوەستە بە ئازادیی ئێمەشەوە. ئەم راستییە کە ئەو روانگە رەسەنانەی ئەمڕۆ بەبۆچوونی ئێمە پارێزکارانە دێتە بەرچاو، لە مەزنێتیی هزری لۆکەوەیە نەک لە دادوەریی ئێمەوە.

لە 1672 ئەشێلی بوو بە لـۆردی شافتبێری و پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی لۆردەکانی وەرگرت کە لەو سەردەمەدا بەرزترین پۆستی سیاسی بوو لەو وڵاتدا. لۆردی شافتسبێری (کە لە کتێبەکانی مێژووشدا زۆرجار هەر بەو ناوە دەناسرێتەوە) هەمیشە لۆکی بە شتێکی زیاتر لە پزیشکی - سک بەتاڵکەرەوە خۆی دەزانی. زۆربەی جارەکان بۆچوونی لۆکی سەبارەت بە پرسە سیاسی و فکرییەکان دەپرسی ( لەو سەردەمانەدا ئەو دوانە لێکهەڵتەدەپێکران). شافتسبێری و لۆک لایەنی هاوبەشی زۆریان هەبوو، بەتایبەتی ئاراستەیان لەمەڕ بازرگانیی دەرەکی و تێڕوانینیان سەبارەت بە ئاسانگیری (هەرچەند لە شافتسبێریدا خاڵی دووهەمیان بۆشاییەکی بەرچاوی هەبوو. ئەو بڕوای بە ئاسانگیری لەبەرانبەر کاسۆلیکەکاندا نەبوو، مێژوونووسێک ئەوی بە «یەکێک لە کەلەڕەقترین دژە کاسۆلیکەکانی مێژووی ئینگلتەرا» هەژمار کردووە.

ئێستا شافتسبێری پێگەیەکی باشی هەبوو بۆ ئەوەی لۆک لە پۆستە جۆراوجۆرە جێبەجێکارییەکاندا دابمەزرێنێت و لۆک بۆ ماوەی دوو ساڵێک بوو بە سکرتێری ئەنجومەنی تازە دامەزراوی بازرگانی و کشتوکاڵ. لە ئەنجامدا توانی بە یارمەتیدان بە پڕۆژەی سەرەتایی یاسای بنەڕەتیی کۆڵۆنیی نوێی ئەمریکیی کارۆلینا، تیۆرییە سیاسییەکانی خۆی پراکتیک بکات.

کاریگەریی هزری لۆک لەسەر دیموکراسیی لیبراڵ لە فەلسەفەی سیاسیدا زیاتر لە هەموو هزرێکی تر بووە لە مێژووی ئەو بە زانستەدا.

دژە پاڵەوانگەلی وەک ماکیاڤیلی، لویسی چواردەهەم («دەوڵـەت واتە من»)، و مارکس بوون کە ناوبانگەکەیان بەناوی خۆیانەوە کرد، بەڵام لۆکە کە بیرەکانی لە یاسای بنەڕەتیی ئەمریکا و یاسای بنەڕەتیی بریتانیا (و هەروەها یاسای بنەڕەتیی کۆڵۆنییەکانی پێشووی لە سەرتاسەری جیهاندا) و تەنانەت لە قۆناغێکی کورتدا لە یاسای بنەڕەتیی فەڕەنسادا بەرجەستە کراوە.

لۆک هەروا بەردەوام سەبارەت بە بیرۆکەکانی لەگەڵ هاوڕێ فکرییەکانیدا

گفتوگۆی دەکرد و لەدوای شەوێکی پڕ مشتومڕی تایبەت لەگەڵ « پێنج شەس هاوڕێ کە لە ژوورەکەمدا چاومان بە یەکتر دەکەوت» بڕیاریدا بیچمێکی ڕێکوپێک بە هزرە فەلسەفییەکانی بدات. سەرئەنجام ئەوە بوو بە بناغەی شاکارەکەی ئەو، نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی. (بەم دواییانە، کە دەگەڕام بەشوێن چاپی یەکەمی ئەو بەرهەمەدا، یاداشتێکم لە پەڕاوێزەکەیدا بەرچاو کەوت کە بە دەستێکی لەرزۆک و بە مرەکەبێکی کاڵ نووسرابوونەوە کە وادیارە لەلایەن تیرل، هاوڕیی لۆکەوە نووسرابوو، ئاماژەی بەو دانیشتنەی یەکەم لەناو ژوورەکەدا کردبوو: « ئەوە لە زستانی 1673 بوو و لەبیرمە کە خۆم یەکێک بووم لەوان.») دەشێ بگوترێت ئەو شەوە مێژووییە دەستپێکی ئەزموونگەرایی بوو - یەکەم فەلسەفەیەک کە لەپاش دەستپێکردنی ئەو لقە لە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەوەپێشەوە، هەنگاوێکی بوێرانەی بە پشت بەستن بە شعوورێکی ئاسایی بەرز کردەوە.

لەو کاتە بەدوا هەتا بیست ساڵی دواتـرم پرسی مەعریفەی مرۆیی، ئەوەیکە چۆن پێیدەگەین و ئەوەیکە بەڕاستی چییە، بوو بە کەڵکەڵەی سەرەکیی لۆک. بەڵام لە 1675 نەفەس تەنگیی لۆک بەڕادەیەک قورس بوەوە کە ئیتر نەیدەتوانی لە لەندەن بژی. تۆزی خەڵووز و دووکەڵ و مژ سییەکانیان تووشی کێشە کرد. هێرشی دوورودرێژی کۆخە و سیخەی سنگی زۆرجار لەکاری دەخست. لۆک ناچار بوو واز لە زۆربەی کارەکانی بهێنێ و بگەڕێتەوە بۆ ئۆکسفۆرد کە لەوێ هێشتا بەناو وانەبێژی کۆلێژی کریست چۆرچ بوو. نزیک هەر ئەو کاتە لۆرد شافتسبێری کەوتە بەر تووڕەیی شا و لەکار لادرا. لەو کاتەدا لۆک بەڕواڵەت بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە، بەڵام بەدڵنیایی بۆ مەبەستی هەندێک چالۆکیی سیاسی بۆ شافتسبێری بەرەو فەڕەنسا بەڕێکەوت. چوار ساڵ لە فەڕەنسا مایەوە. لەوێ پەیوەندیی لەگەڵ پەیڕەوەکانی گاساندی، قەشەی زانا، کە بیست ساڵ لەوە پێش کۆچی دوایی کردبوو، دروستکرد. ئەوان هۆگری ڕوانگەی ئەزموونگەرانەی کۆپلێر و گالیلۆ بوون و بڕوایان بە زانینی پشت ئەستوور بە دەنکۆڵە ئەتۆمییەکان هەبوو. بە هەمان شێوەی مامۆستاکەی خۆیان، سکۆلاستیزم، هەروەها دیکارتیان لەبەرژەوەندیی ڕوانگەی ئەزموونگەرانەدا ڕەتدەکردەوە (هەرچەندە ئەمەی

دووهەمیان بەلای سەلیقە ئەمڕۆییەکانەوە پێدەچێ زۆر تیۆریسییەنانە بێت). ئەو فکرەی کە ئێمە لە لە ئەزموونەوە شت فێر بین و ئەو پرەنسیپە کە لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا چێژ دەبێ بە باش بزانرێت، رۆڵێکی گرینگی لە هزری لۆکدا گێڕا.

وادیــارە لۆک لەم قۆناغەدا جار و بــارە وەک راهێنەری کوڕەکانی دەرەبەگە ئینگلیزییەکان کاری کردبێت و بە تەواوی فەڕەنسادا گەڕابوو. کێشەی تەندرووستیی ئەو هەروا ئازاری دەدا. بە پشت بەستن بە توێژینەوە پزیشکییەکانی خۆی سەرەنجام لێی روون بوەوە کە تووشی پێنیسیس بووە کە دەبێتە هۆی لەکار کەوتنی ئەندامەکانی لەش و بەتایبەتی سییەکانی. دەرمانگەی مۆنپۆلیە لە چارەسەری پێنیسیسدا بەناوبانگ بوو و لۆک جارێک بۆ مەبەستی چارەسەر سەردانی ئەوێی کرد، بەڵام سودێکی ئەوتۆی نەبوو، کە ئەوەش زیاتر بە هۆی بە هەڵە تێگەیشتنی لۆک لە نەخۆشییەکەی خۆیەوە بوو. ئەو لە سەفەرەکانیدا هەمیشە سکاڵای لە خۆراکەکان هەبوو. لە میوانخانەیەک، «هەموو مینیۆکانی خۆراکەکان لە کەلەمێک و بۆقێک کە تێپێچرابوو و چەند میوەیەکی کۆن زیاتر هیچی تر نەبوون». زۆر خۆشیی لە فەڕەنسییەکان نەدەهات (نەک تەنیا ئەوەی هەموو پیاوەکانیان سفلیسیان هەیە، یەسووعییەکان لەگەڵ راهیبەکاندا دەخەون، و تاد...)

لە حاڵێکدا کە لۆک بە کەناڵی تازە کراوەی میدی لەنێوان تۆلۆز و ئاژن دا سەفەری دەکرد تووشی رووداوێک هات «ستوونێکی گەورە لە بەلەمەکەیدا کەوت بەسەر دەرمدا». بەڵام کاتێک کە گەڕایەوە بۆ پاریس چاکبوویەوە و لەوێ لویسی چواردەیەم و هاوسەرەکەی لە سانۆیەکدا بینی. هەروەها ئەو بەختەی هەبوو کە شارەزاییە پزیشکییە (هێشتا ناتەواوەکەی) خۆی بخاتە پراکتیکەوە. هاوسەری باڵوێزی ئیگلتەرا ئازادێکی زۆری بە ددان ئێشەوە دەکێشا. پزیشکی (مۆڵەت پێدراوە) فەڕەنسییەکەی دوو ددانی تەواو سەلامەتی ئەوی کێشابوو و هیچ سوودێکی نەبوو. لۆک نەخۆشەکەی پشکنی و بە ئازاری دەماری سێ شاخ تێگەیشت کە وادیارە یەکەمین دەرخستنی لەو جۆرەی مێژووی پزیشکی بووە. پاککردنەوەیەکی قورسی بۆ نووسی کە بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە کێشەکەی چارەسەر کرد. (ئایا بۆ چارەسەری ئازاری ددان ئەو چارەسەرەش یەکەمجار بوو

لە جۆری خۆیدا؟)

کاتێک کە لۆک لە 1679 گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا، وڵات تووشی قەیرانی سیاسی ببوو. چارلزی دووهەم بەتەما بوو برا کاسۆلیکەکەی خۆی بکاتە میراتگری خۆی و شافتسبێری، رابەری نەیاری ئەنجومەن لەگەڵ ئەو بڕیارەدا بوو. شافتسبێری پێشتر بەهۆی ئەو کێشەیەوە لە بورجدا زیندانی کرابوو، بەڵام ئێستا دیسانەوە پەیوەندیی لەگەڵ پاشا باش ببوەوە. ئەو ببووە لۆردی سەرۆکی راوێژکارانی پاشایەتی و هەوڵی دەدا ببێتە ناوبجی نێوان پاشا و ئەنجومەن. لەو گەرماوگەرمەدا لۆک دەقێکی بەناوی چەند تێبینییەک سەبارەت بە پێگەیشتن و بەرهەمهێنانی شەراب و رۆنی زەیتوون بۆ شافتسبێری رەوانە کرد کە نیشانەی ئەوە بوو کە دەکرێ شتێکی باش لە فەرەنساش هەڵبهێنجرێت. بەداخەوە شافتسبێری کاتێکی ئەوتۆی بۆ خوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامە سەرسووڕهێنەرە نەبوو، لەبەر ئەوەی بە پیلانی دوژمنەکانی بە تۆمەتی خیانەت دەستبەسەر کرابوو. (یەکێک لەو کەسانەش هاو قوتابخانەیی کۆنی لۆک، درایدن بوو کە لە (ئابشالۆم و ئەخیتۆفڵ) ی خۆیدا کە نەک تەنیا باشترین شیعری گاڵتەی سەدەی هەڤدەهەم بوو، بەڵکو یەکێک بوو لە بێتسوورترینەکانیان، شافتسبێریی کردە کەسایەتییەکی هەرمان).

ئێستا لۆک تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، بەڵام هێشتا چاوی بەدوای ژنانەوە بوو -هەروەها - بەپێی نامەگۆڕینەوەکانی - قەڵەمێکی چالۆک، هەرچەند ناکرێ ئەو قەڵەمە بە سیمبۆلیک یان بە شیرین زمانی لێکبدرێتەوە: لۆک بەهیچ شێوەیەک لەو جۆرە کەسانە نەبوو. وا دەردەکەوێت کە مەبەستی ئەو نە ناشەرافەتمەندانە بووە و نە تەنانەت شەرافەتمەندانەش - لەڕاستیدا زۆرجار مرۆڤ لەخۆی دەپرسێت، کە ئایا ئەو هیچ مەبەستێکی هەبووە یان نا. لە یەکێک لە نامەکانیدا لە «هاوسەرگیری یان مەرگ (کە هێندە لێکەوە نزیکن)» دەدوێ. ئینجا لە 1682 چاوی بە داماریس کادۆرس، کچی تەمەن بیست و چوار ساڵی ئەفلاتوونییەکی کەمبریج کەوت. داماریس ژیرترین ژنێک بوو کە لۆک تا ئەو کاتە چاوی پێیکەوتبوو. دەیتوانی لە یەک ئاستی یەکساندا لەگەڵی گفتوگۆ بکات. ئەو « هەر ئان پێدوچوو گرژ بێت» (بەهەمان شێوەی کە لۆک، لە هەندێ حاڵەتی کەمدا وابوو)، بەڵام لێکتێگەیشتنی سۆزدارانەشی هەبوو. وادیارە هەر



ناوەندی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لە هەمان سەرەتاوە ئاشقی لۆک ببوو. لۆک نیگا جیاوازە سەرنجڕاکێشەکانی خۆی کۆنترۆڵکردبوو بەڵام نەخۆشییەکەی ئەوی لاواز و ناڕادەیەک شێواو دیاری دەدا، بەڵام لۆک تەنیا هەر حەزی لەو شێوازە هاوڕێیەتیەی خۆی بوو، جۆرێک ئەشکەنجەی چینیی لە جۆری نامەگۆڕینەوە. ئەوان شیعریان بە یەکتریدا هەڵدەدا و نامەیان دەگۆڕییەوە، یەکتریان بە فیلۆکلیا و فیلاندەر ناو دەنا (کە لەو بارودۆخەدا هەڵبژاردنێکی سەیر بوو). فیلۆکلیا رەچەڵەکی خۆی دەگێڕایەوە بۆ کادۆ ئالادەر، دوایین پاشای ئەفسانەیی بریتۆنەکانی کۆن و لۆک ئەوی بە «خاوەنداری خۆی» بانگدەکرد (لێرەشدا هیچ بێ ئەدەبیەک لە ئارادا نەبوو). دواتر فیلۆکلیاش ئیتر ئاشق نەبوو و دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ئەوەی ئەویش ویستوویەتی هاوڕێیەتی بووە – کە لە ئەنجامدا بەپێی گاڵتەجاڕی باوی ژیاندنەوەی هەست و سۆزەکان، لۆک تێگەیشت کە ئێستا ئیتر ئاشقی ئەوە.

لێرەدا شافتسبێری لە لەندەن دادگایی کرا و دەستەی دادوەری ئەویان بەبێتاوان ناسی و زۆر بە خێرایی بۆ رزگارکردنی گیانی بەرەو هۆڵندا رایکرد (کە لەوێ ساڵێک دواتر بەهۆی هەوکردنی مێعدەوە، دەرخستەیەک کە شیاوی خودی لۆک بوو، کۆچی دوایی کرد. لۆکیش لە مەترسیدا بوو. لە ئۆکسفۆرد تێگەیشت کە لەژێر چاودێریی سیخوڕەکاندایە. بەپێی راپۆرتی یەکێک لە سیخوڕەکان «جۆن لۆک ژیانێکی زۆر پارێزکارانەی ناروونی هەبوو». سەرئەنجام تەمەنێک ژیانی نهێنیپارێزانە بە ئەنجام گەیشت.

سیخورە شارەزاکان دەرەقەتی فەیلەسووفی زۆرزان نەهاتن. لۆک زۆر خێرا ئەوانی وەدوا دا و رێگەی خۆی بەرەو هۆڵندا دۆزییەوە، بەڵام راست لە دوایین چرکەکاندا پاشا خێرا لۆکی لە پۆستەکەی خۆی لە کریست چۆرچ لادا و ئەو خستە ریزی هەشتا و چوار کەسی خەیانەتکارەوە و فەرمانێکی بەپەلەی رەوانەی هۆڵندا کرد. لۆک ناچار بوو خۆی لە لاهای بشارێتەوە.

لەو سەرودەمەدا لۆک زانی کە داماریس کادۆرس شووی بە بێوە پیاوێکی خەڵکی باکووری وڵات بەناوی سێر فرانسیس ماشام کردووە. زۆر قورسە کە بتوانرێت بە تـەواوی هەستی لۆک لەو بارودۆخەدا هەڵسەنگێندرێت. ئەو داماریسی خۆش دەویست، بەڕادەیەک کە هیچ ژنێکی تری لە ژیانیدا خۆش

نەویستبوو، بەڵام لەوانەیە وایلێکدابێنەوە کە خۆی زۆر لەوە نەخۆشتر و زۆر لەوە پیرتر و زۆر لەوە بە کاری توێژینەوەوە سەرقاڵکردبوو کە بتوانێت ببێتە مێردی ژنێک، کە کەمتر لە نیوەی تەمەنی ئەوی هەیە، بەڵام هەروەک لە فەلسەفەی خۆیدا تێگەیشت: ئێمە لە ئەقڵەوە فێر نابین، لە ئەزموونەوە فێر دەبین. ئەو هیچکات ئەو ئەزموونەی لە پێش ئەو کاتە نەبوو و من وای بۆدەچم لەوانەیە لەو سەردەمەدا ئەو کێشەیە زۆر بە قووڵی ئەوی ئازار دابێت، هەرچەند کە هیچی نەدرکاند.

لە 1685 چارلزی دووهەم مرد و برا کاسۆلیکەکەی، جەیمزی دووهەم گەیشتە دەسەڵات، کە خراپترین نیگەرانییەکانی شافتسبێریی پشتڕاستدەکردەوە. لەو نێوەندەدا لۆک توانایی خۆی بۆ فەلسەفەکەی خۆی تەرخانکردبوو. لەو کاتەدا ئەو سەرقاڵی دوایین پێداچوونەوەکانی بە ئێزیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی بوو.

ئەو کتێبە بە نامەیەکی دڵاوا بۆ خوێنەر دەستپێدەکات کە بەرهەمەکە وەک «سەرقاڵیی هەندێک لە کاتە قورس و بێهوودەکانی خۆی وەسفدەکات. «ئەگەر ئەو بەختە جوانەی هەبێت کە بۆ هەرکامێک لە ئێوەش بەو شێوەیە بێت و بە خوێندنەوەکەی نیوەی ئەو چێژە وەرگرن کە من لە کاتی نووسینیدا لێموەرگرتووە، تۆ بە هەمان ئەو رادەیە بیر لە حەرام بوونی پارەکەت دەکەیەوە، کە من بیر لە حەرام بوونی ئەو ماندوو بوونە دەکەمەوە کە کێشاومە. فەلسەفەیەک کە لەو کتێبەدا هەیە بە هەمان رادە هاودڵانە و دوورەدەستە کە فەلسەفەیەکی تر لە سەردەمی دیکارتەوە دوورەدەستە. هێندەی کارەکەی دیکارت رەسەن یان بەهەمان رادە پڕشنگدار نەبوو، بەڵام بە رووتکردنەوەی ئەقڵ لە بەرژەوەندیی ئەزموون، بەبۆچوونی فەیلەسووفەکانی دواتر زۆر لە هەقیقەتەوە نزیکتر دەینواند. بەبێ دیکارت فەلسەفەیەکی نوێتر نەدەکرا بێتە بوون، بەڵام لۆک بوو کە وەک باوکێک هێڵی سەرەکیی پێگەیشتنەکەی گرتە دەست - ئەزموونگەرا ئینگلیزییەکان، کە لەدوای ئەو کاتنیان هان دا بۆ ئەوەی گەورەترین سیستەمی فەلسەفیی هەموویان بخولقێنێت، کە بە نۆرەی خۆی خولقێنەری شێتایەتیی مەزنگەرایانەی هیگڵ و بەدوای ئەویشدا بوو بە هۆکاری بێباوەڕیی هەموو کەس جگە لە مارکسیستەکان

و قوماربازە گەشبینەکان بە هەموو سیسنەمەکان.

بەبۆچوونی لۆک ئێمە شتێکمان بەناوی بیرۆکەگەلی شهوودی سەبارەت بە راست و ناڕاست، خودا و شتی تر نیە. سەرەڕای ئەوەش لۆک باوەڕێکی قووڵی بە خودا هەبوو. دیکارت رەنگە هەندێک جار گومانی شاراوەی هەبووبێت. سپینۆزا بە گونجاندنی هەموو شتێک لە خودادا خۆی لە کێشەکە بە دوور گرت و لایبنیتس پێدەچێ بڕوای بە خودا نەبووبێت، هەرچەند وای دەنواند کە هەیە، بەڵام لۆک سەرەرای ئەو راستییە کە بەڕاستی لە فەلسەفەکەی ئەودا جییەک بۆ خودا نییە، لە باوەڕی خۆیدا لەرزۆک نەبوو «هیچ شتێک لە زەیندا نییە مەگەر ئەوەی پێشتر لە هەستدا بووبێت». ئێمە بە «لاپەڕەی سپییەوە» دەستپێدەکەین. ناسیاریی مرۆیی لە ئەزموونی دەرەکی و تێهزرینەوەوە «واژەی لۆک بۆ دەروونڕوانی» وەردەگیرێت، کە ئەو تواناییەمان پێدەبەخشێت ئەوە بە زەینماندا تێدەپەڕێ ئاشکرای بکەین. ئێمە لە ئەقڵ بۆ ئەنجامگیری لەو ئەزموونانە کەڵک وەردەگرین. بەو شێوەیە بە گشتاندنەکان، یاساکان و راستییە ماتماتیکییەکان دەگەین.

لۆکیش وەک دیکارت لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو ناسیارییە ئەزموونییەی کە لە رێگەی هەستەکانەوە بەدەستیان دێنین، تەنیا دەتوانن شیمانەیی (ئەگەری) بن، بەڵام بەپێچەوانەی دیکارت، لۆک رێگەی نەدەدا ئەوە هەموو ئەو جۆرە مەعریفییە لاواز بکات. بەجێگەی گەڕانەوە بۆ ئاوەز کەڵکی لە هەستی ئاسایی وەردەگرت. زانیاری ئەزموونی و ئەو زانیاریەی کە لەڕێگەی ئەوەوە بەدەستی دەهێنین تەنیا گومانێکە، بەڵام بە بەکارهێنانی هەست و ئەنجامگیری دەتوانین سەنگ و سوک بکەین کە تا چ ڕادە شیمانەییە. (ئەو جیاکارییەی نێوان ئاوەز و شعووری ئاسایی، کە بۆ یەکەمجار لەلای لۆک و دیکارت بەدیکرا، بوو بە روویەکی هەرمانی پەیوەندییە فەلسەفییەکانی ئینگلیزی-فەڕەنسی. ئەمڕۆ گەیشتوەتە جێیەک کە فەڕەنسییەکان بە زۆر بەڵگەوە دەیانەوێت ئەوە بسەلمێنن کە فەلسەفەی ئینگلیزی هیچ پەیوەندییەکی بە فەکسەفەوە نییە و هەستی ئاسایی ئینگلیزیش لەبەرانبەر فەلسەفەی فەڕەنسیدا، بە ئەنجامێکی هاوشێوەی ئەوان گەیشتووە.)

لۆک لە کتێبی دووهەمی نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی

ڕوونیدەکاتەوە کە دوو جۆری جیاوازی بیرۆکەکان هەن کە زانیاری ئەزموونیی ئێمە لە جیهان پێکدەهێنن. بیرۆکە ساکارەکان، وەک ڕەنگ، گەرما، سەرما و تام هەڵگری دابەشبوون نین. لەلایەکی ترەوە بیرۆکە ئێکەڵەییەکان کە لە ئێکەڵکردنی ئەوانە پێکهاتوون. ئێکەڵەگەلی لەو شێوەیە پێدەچێ شتگەلێکیان لێ بەرهەم بێت کە شتی لە جۆری ئەوان لە جیهانی واقعدا بوونی نەبێت - وەکو تارماییەکان، یان دەفرە فڕندەکان.

لۆک هەروەها لەنێوان چۆنیەتییە یەکەمین و دووهەمییەکانی شتەکاندا جیاوازی دادەنێت. (لێرەدا زۆر پشتی بە بیرەکانی گالیلۆ و گاساندیگەراکان بەستبوو. چۆنیەتییە یەکەمینەکان ئەوانەن کە هەموو شتەکان، هەرشتێک بێ، هەیانە. ئەوانە چۆنیەتیگەلی وەک ڕەهەند، تەن بوون و جوڵە لەخۆ دەگرن. ئەو بیرۆکانەی کە بە تێگەیشتنی هەستەکیی ئەو چۆنیەتییانە لە ئێمەدا دروست دەبن هاوشێوەییەکی نزیکی لەگەڵ خودی ئەو چۆنیەتییانەدا هەیە. لە چۆنیەتییە دووهەمییەکاندا، وەکو تام، ڕەنگ، بۆن، بەو شێوەیە نییە. تام و بۆنی هێلکەیەکی گەنیو تەنیا تواناییگەلێکن لەو شتە بە شتبوونەهەڵگرەدا کە بیرۆکەگەلێک بەدی دێنن کە لە شێوەی هۆکارەکەیان نییە.

هزری لۆک سەبارەت بەم پرسانە ڕەنگدانەوەی شۆڕشێکە کە لە زانستی ئەو سەردەمەدا خەریک بوو ڕووی دەدا. ئەوە بە ڕێکەوت نییە کە لۆک هاوسەردەمی بیرمەندانی مەزنی زانستیی ئەو سەردەمە لە گالیلۆوە هەتا نیوتن بوو. ئەو شۆڕشە زانستییەش ڕەگێکی پتەوی لە فیزیکدا هەبوو - تایبەتمەندییە «ڕاستەقینەکانی» شتەکان، ئەوانەی کە دەشیا پێوانە بکرێن - نەک چۆنیەتییە زوو تێپەڕ و کەمتر چۆنیەتیەڵگرەکانی وەک ڕەنگ و بۆن. ئەو چۆنیەتییە «ڕاستەقینە» پێوانەهەڵگرە لە فەلسەفەی لۆکدا وەک چۆنیەتیگەلی یەکەمینی ڕەهەند و تەن بوون و جووڵە دەردەکەون (کە لە فیزیکدا بەشێوەی بارستا، کێش و خێرایی پێوانە دەکرێن).

لە کتێبی پێنجەمی لۆکدا لەنێوان ئەو جۆرە فرەچەشنە ناسیارییانەدا کە لە بیرۆکەکانی خۆمن بەدەستیان دەهێنین جیاوازی دادەنێت. ئەو خودی ناسیاری بە «تێگەیشتن لە پەیوەندی و پێکەوە گونجان یان نەگونجان...ی هەرکام لە

بیرۆکەکانی ئێمە» پێناسە دەکات. ئێمە لە پەیوەندیی نێوان بیرۆکەکانی خۆمان لەڕێگەی ئاوەزەوە تێدەگەین. ئەو تێگەیشتنە لەوانەیە راستەوخۆ بێت کە لەو حاڵەتەدا «ناسیاریی شهوودی»ی لێدەکەوێتەوە. بۆنموونە، راستەوخۆ تێدەگەین کە رەنگی سوور رەنگی سەوز نییە، یان سێگۆشە، چوارگۆشە نییە.

هەروەها تێگەیشتنی ئێمە دەتوانێت بیرۆکەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێکەوە گرێبدات و ئەوەش «زانیاری سەلماندن»ی لێدەکەوێتەوە. ئەوە بەتایبەتی لەمەڕ زانیاری ماتماتیکیدا راستە. بۆنموونە ئێمە بەشێوەی راستەوخۆ لەوە تێناگەین کە کۆی هەرسێک گۆشەکانی سێگۆشەیەک دەکاتە 180 پلە. ئەو دوو بیرۆکەیە لەڕێگەی بەڵگاندنی ماتماتیکییەوە پێکەوە گرێدەدەین.

سێهەمین جۆری ناسیاری بێناونجیترە. ئەوە « زانیاری هەستەکی»یە کە سەبارەت بە شتەکانی دەرەوەی خۆمان هەمانە کە راستەوخۆ دەگونجێت لەگەڵ بیرۆکەکانی ئێمە سەبارەت بەوان. کاتێک هاوڕێیەکمان هەموو رۆژێک دەبینین ناسیارییەکی راستەوخۆی هەستەکیمان لەو کەسە هەیە. ئەوە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو وێنە زەینییە هاوشێوەیەی کە سەبارەت بەو کەسە هەمانە، لەکاتێکدا کە ئەو خۆی لەلامان نییەو وەبیرمان دەکەوێتەوە. ئەو بیرکەوتنەوەیە لەوانەیە هەڵە یان گوماناوی بێت، لەحاڵێکدا کە ئەزموونکردنی راستەوخۆ وەها نییە. زانیاری هەستەکی لەوانەیە لە شهودی یان سەلماندن، کەمتر جێ متمانە بێت، بەڵام گومانێکی زۆر جدیشی لەسەر نییە. ئێمە بەهۆی سەقامگیر بوون و دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە ئەزموونانەوە دەتوانین بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە وای دابنێین، کە ئەو جۆرە شتە دەرەکییانە راست لەگەڵ ئەو بیرۆکانەدا کە لەسەریان هەمانە دەگونجێن. ئەوە گریمانەیەکی گرنگە کە وادیارە دەکەوێتە سەر هێڵێ «شعووری ئاسایی»، بەڵام لە تاوتوێکردنی وردتریدا، لەمەڕ کۆمەڵێکی زۆر لە پرسە فەلسەفییەکان وەک ئەوە وایە کە بەسەر توێیەکی ناسکی سەهۆڵدا بخلیسکێت. (چۆن بۆمان دەرەکەوێت کە بەردێک بەڕاستی لەگەڵ تێگەیشتنی ئێمەدا یەک دەگرێتەوە، لەحاڵێکدا ئەو تێگەیشتنە بەهۆی ئەندامگەلێکەوە دەستەبەر دەبێت کە هیچ پەیوەندییەکیان بە بەردەوە نییە؟ بە چ واتایەک بەرەو هاوشێوەییەکی لەگەڵ پەرچەکردارەکانی بیلبیلەی چاوی من یان هەستی دەماری پەنجەکانی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

مندا هەیە؟) ئەمانە ئەو دژوارییانە بوون کە لەئارادابوون، دژواریگەلێک کە هەر روانگەیەکی نوێ لە جیهاندا تووشی زەحمەت دەکات. خودی ئەو ئێروانینە بوو کە بایەخی هەبوو. ئەو جۆرە لە ئەزموونگەرایی وەها گوژمێکی لە بیرۆکە کۆنەکانی سکۆلاستیکەکان دا کە هیچکات وەک خۆیان لێنەهاتەوە.

لۆک ئەو فکرە ئەرستۆییەی رەتکردەوە کە ئەو وشانەی کە ئێمە شتەکانیان پێ پۆلێنبەندی دەکەین یەکاویەک «زاتی راستەقینەی» شتەکانن. بەپێی ئەو بۆچوونە، وشەی سێو یەکاویەک «وێنەی جەوهەری»ی بەرجەستەبوو لە هەموو سێوەکاندایە. لەلای لۆک زاتەکان جێی خۆیان داوە بە بیرۆکەکان. ئەوە نوێنەری جێگۆڕکەیەکی قووڵ لە شێوەی روانینی ئێمەدا بۆ جیهان بوو. ئایدیا بەجێی ئەوەیکە، وەک زات، شتێک بێت لەناو شتدا، دروستکراوێکە پەتیی زەینە. ئێمە لەپاش تێگەیشتنی هەستەکیی ئێمە لە چەند سێوێک، دەگەیشتین بە وشەی سێو وەک پۆلێنبەندییەکی سوودبەخش. ئەوجۆرە بیرۆکانە « پەیوەست نین بە بوونی راستەقینەی شتەکانەوە، بەڵکوو داهێنان و خوڵقاوەکانی فامن کە زەین ئەوانەی بۆ کاراکردنی خۆی دروستکردووە». ئەزموون بناغەی زانیاری ئێمەیە و زەین بەشێوەیەکی زانستی رێکی دەخات. ئەو زانیارییەی کە بەم شێوەیە بەدەست دێت سوودبەخش و زانستییە – نەک شتێک کە بگونجێت لەگەڵ زاتە نەدیتراوە زەینییەکان یان «وێنە جەوهەرییەکان».

لە 1668 ئینگلیزەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئیتر لە جەیمزی دووهەم تێر بوون و شۆڕشی ناسراو بە شۆڕشی «شۆڕشی شکۆدار» رووی دا. داوایان لە ولیامی پرۆتستانی هۆڵەندی، شازادەی ئۆرانژ کرد ببێتە شا، بەڵام تەنیا بە چەند مەرجێک کە دەسەڵاتی لە دەستی ئەنجومەندا دەهێشتەوە. ولیام بە کەشتی لە هۆڵەندەوە هات و چەند مانگێک دواتر مێری هاوسەریشی بەدوایدا هات. لۆک لەگەڵ مێری، خاتوونی ئۆرانژدا هات و لە بەرەبەری شۆڕشی شکۆدار گەڕایەوە بۆ بۆ ئینگلتەرا.

لۆک ئێستا لە بڵاوکردنەوەی نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی دا ئازاد بوو و لە 1689 (سەرەڕای ئەوەی مێژووی 1690 کە لەسەر بەرگی کتێبەکە بەرچاو دەکەوێت) ئەو کارەی کرد. راست بەپێچەوانەی ئاواتی لۆک کە

دەیویست «بەشێک لەو شتە پڕوپووچانەی کە لەسەر ڕێی زانیاری هەن» لابداث، کاریگەرییەکەی بەخێرایی هێرشی باوی ڕەخنەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن لایبنیتسەوە بەلای خۆیدا ڕکێشا. لۆک بە هیوای دەستپێشخەری بۆ ڕێگرتن لە پڕوپووچی زیاتر، بەخێرایی دەستی بە گۆڕانکاریی قورس لە دەقی کتێبەکەیدا کرد و بەرلەوەی چاپەکانی دواتری کتێبەکە بڵاو بکرێنەوە، هەرکام لە ڕەخنەکانی کە لێی ڕاست دەبوونەوە وەڵامدەدایەوە. (ئەو فەلسەفە زیندوە دەتوانرێ ئێستا لە چاپی یەکەمیدا کە لە مۆزەخانەی بریتانیا هەیە بدیترێت کە گۆڕانکاریی ئێروتەسەلی بە دەستخەتی خودی لۆکەوە تێدایە.)

هەروەها 1698 ساڵی بڵاوبوونەوەی بەرهەمێکی گەورەی تری لۆک، دوو نامەی سەبارەت بە حکوومەث بوو. ئەو یەکەمجار ئەوەی لە 1681 نووسیبوو، بەڵام کاتەکە بۆ بڵاوکردنەوەی وەها دەقێکی لیبراڵی سیاسی لەڕادەبەدەر مەترسیدار بوو. ئەو لە ماوەی نیشتەجێبوونی زۆرەملەی خۆیدا لە هۆڵندا بەسەر چەند بەشێک لە دەستنووسەکەیدا چوەوە و کاتێک کە گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا بە لەبەرچاو گرتنی پشتیوانیی خۆی لە شۆڕشی شکۆدار، گۆڕانکاریی زیاتری تێدا کرد، ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەیکە زۆرێک لە ڕەخنەگرەکانی بەوە تۆمەتباریان کرد کە ئەو نامیلکەیەی تەنیا بۆ پاکانە کردن بۆ شۆڕشی شکۆدار نووسیوە. وا نەبوو. ئەو لەو بەرهەمەیدا پاساو بۆ شۆڕش دێنێتەوە، بەڵام ئەوی نەک بۆ پاساودانەوەی شۆڕشی شکۆدار-بەڵکوو بۆ کوتانی شێوازەکەی- نووسیبووی.

خەڵک لۆکیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە ئەو بەرهەمەی بە هیوای وەرگرتنی پۆستێک لە پاشای نوێ نووسیوە. هیچ شتێک هێندەی ئەوە لە ڕاستییەوە دوور نییە. لۆک لەڕاستیدا کارێکی کە لەلایەن ولیامەوە پێی پێشنیار کرابوو ڕەتکردەوە. کاتێک کە پۆستی باڵوێزی دەرباری فرێدریکی سێهەمی براندنبۆرگی پێ پێشنیار کرا، بە ئەدەبەوە ڕەتیکردەوە. باڵوێز دەبێ حەزی لە هاموشۆ و میوانی بێت و لۆک ڕایگەیاند کە لەگەڵ عادەتی ئەڵمانەکاندا بۆ «خواردنەوەی بەلووزەو»دا ڕێک ناکەوێت. ولیام باشتر وایە کەسێک بنێرێت کە حەزی لە «خواردنەوەی بەشی خۆی» بێت نەک « کەم حەوسەڵەترین پیاوی ئینگلتەرا».

یەکەمین نامە لە دوو نامە سەبارەث بە حکوومەتی لۆک بۆ ڕەتکردنەوەی

فکرەکانی رۆبێرت فیلمەر، تیۆریسیەنی سیاسیی ناوداری ئەو سەردەمە بوو، کە ناوبانگەکەی زۆر بەر لە بەردەنگەکانی مرد. (مینۆدی نهێنی پارێزانەی لۆک پارێزرانی لۆکی لەو جۆرە هەڵچوون و داچوونانە گەرەنتی دەکرد.) فیلمەر نیووهۆبزییەک بوو کە بڕوای بە مافی یەزدانیی پاشا هەبوو. لۆک ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە فکرە هۆبزییەکانی خۆی (لەگەڵ نزیکەی هەموو بەڵگە دەستنووسەکانی) وەلا نابوو و ئەو هەوڵەی ئەو بۆ خستنەڕووی ئاڵترناتیڤێکی نۆکمە بوو.

لۆک لە دووهەمین نامەدا هەوڵ دەدات رەگەکانی حکومەت ئاشکرا بکات. دەبەڵگێنێت کە لەحاڵەتی سروشتیی سەرەتاییدا خەڵک ئازاد و یەکسان بوون، بەڵام ئەو چەشنە ئازادی و یەکسانییە بە زۆری تیۆریک بووە. خەڵک نەیاندەتوانی بەبێ دەستدرێژی کردن بۆسەر مافی یەکتری پێکەوە بن.

لۆک لەو باوەڕەدا بوو کە یاسای سروشت کۆمەڵێک مافی سروشتی بە هەر کامێک لە ئێمە دەبەخشێت. ئێمە مافی ژیان و مافی ئازادیمان هەیە بەو مەرجەی ئەوە زیان بە ئازادی و مافی ئەوانی تر نەگەیەنێت، بەڵام بەبێ توخمی زۆرەملێ ناتوانین ببینە خاوەنی ئەو مافە سروشتییە. بۆ ئەو کارە دەبێ لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە گرێبدرێین. ئەوە مافە سروشتییەکانی ئێمە بە جێگیر کردنی حکومەتێک کە یاساگەلێک بۆ پشتیوانی لەو مافانە دەسەپێنێت، گەرەنتی دەکات. چوارچێوەیەکی پڕ ئاسایش دابیندەبێت. لەو هەلومەرجەدا لەوانەیە ئازادییە تیۆریکەکەی ئێمە بەرتەسکبووبێتەوە، بەڵام ئازادییە کردەکییەکەی ئێمە بەهێزتر بوەتەوە. رەزامەندیی خەڵک تاکە پایەی ئۆتۆریتەی ئەو حکوومەتەیە. لۆک ئەو باسە بەتەواوی روونکردۆتەوە: « لەگەڵ هەر کەسێکدا کە لە پێگەی ئۆتۆریتەوە پێ لەو دەسەلاتەی کە یاسا پێیداوە درێژتر بکات و لەو هێزەی کە لە ژێر فەرمانیدایە بۆ سەپاندنی دەسەلاتی خۆی بەسەر خەڵکێکدا کەڵک وەربگرێت، کە یاسا رێگەی پێنەداوە... دەتوانرێ بەهەمان شێوە دژایەتی بکرێت کە لەگەڵ هەر کەسێکی تردا کە بە زۆر دەستدرێژی دەکات بۆسەر ئەویتر، دەکرێت.» ئەگەر حکومەت یان فەرمانڕەوا مافی هاووڵاتیان پێشێلبکات خەڵک مافی ئەوەیان هەیە شۆڕش بکەن و خۆیان لەو فەرمانڕەوایە یان حکوومەتە رزگار بکەن. « داگیرکردن و لەناوبردنی دارایی خەڵک، یان بەکۆیلەکردنیان (فەرمانڕەوا) دەخاتە

حاڵەتی جەنگ لەگەڵ خەڵکەوە و لەو کاتەوە لە هەموو چەشنە گوێرایەڵییەک بەتاڵدەبنەوە، ئەوان دەباتە بن ئەو پەناگە هاوبەشەوە کە خوداوەند بۆ هەموو خەڵکێک لە دژی زەبروزەنگ دابینی کردووە. بە واتایەکی تر، شۆڕش.

لۆک لەو باوەڕەدا بوو کە حکومەت تەنیا دەبێ بە مەبەست کار بکات، کە لەڕاستیدا بۆ ئەو مەبەستە دروستبووە – واتە پارێزگاری لە ژیان، ئازادی و خاوەندارێتی. کاتێک کە هەر ژمارەیەک لە مرۆڤەکان رەزامەند بوون لەسەر ئەوەی کۆمەڵەیەک یان حکومەتێک پێکبهێنن، بەو شێوەیە بەخێرایی دەبنە پاژ و پێکهێنەری دەستەیەکی سیاسی، کە لەوێدا زۆرینە مافی ئەوەی هەیە بجووڵێت و ئەوانی تر بەدوای خۆیدا رابکێشێت». ئەوە بنچینەیەکی دانا کە لیبرالیزمی نوێی لەسەر دامەزرا. ئەوانە ئەندێشەگەلێک بوون کە یەک سەدە دواتر بوون بە ئیلهامبەخشی راگەیاندراوی سەربەخۆیی ئەمریکا و شۆڕشی فەڕەنسا. ئەو جۆرە هەست و سۆزانە لەوانەیە لە سەردەمی نوێی دیموکراسییە پڕ دانیشتووە تەکنۆلۆژیکەکاندا بە ساویلکانە بێنە بەرچاو، بەڵام تا رادەیەکی زۆر باوەڕ و پرەنسیپەکانی ئەو هاووڵاتییان کە تیایاندا دەژین.

ئەگەرچی هاوڕێکەی لۆک ئیتر مێردی کردبوو و ببوە خاتوو ماشام، هێشتاش هەر لەگەڵی لە پەیوەندیدا بوو. بە ئاشکرا پەیوەندییەکی قووڵ لەنێوان فەیلەسوف و یاری فکریی هاوفامی ئەودا هەبوو، بەڵام ماشام هەتا ئاستێک ئەزموونگەرایی لۆکی بەلاوە پەسەند بوو و رەگەزێک لە ئەفلاتوونگەرایی باوکی لەلای خۆی هێشتبووەوە – تێکەڵەیەک کە هەر زەینێک مەگەر رێکخستنگەراترین هزرەکانی تووشی زەحمەتدەکرد.

وادیار بوو خاتوو ماشام، زیاتر لە هەر کەسێکی تر لە لۆک و پێویستییە سۆزدارانەکانی تێدەگەیشت و لۆک بە ئاشکرا لەکاتی لەگەڵ ئەو بووندا دەگەشایەوە. ئەو بوو بە میوانی بەردەوامی خانووە گوندییەکەی سێر فرانسیس و خاتوو ماشام لە ئۆتس کە دەکەوتە دووری بیست مایل لە باکووری خۆرهەڵاتی لەندەن لە ئەسکێس. هەوای گوندی بابەتی حاڵی ئەو بوو و یەک دوو ساڵێک دواتر ماشامەکان داوایانلێکرد کە نیشتەجێی ئۆتس ببێت.

ئەوە چیرۆکێکە بە کۆتاییەکی خۆشەوە. لۆک بە خۆشحاڵییەوە

بانگهێشتەکەی ماشامەکانی قبوولکرد، ماڵ و کۆچی کرد و وادیار بوو هەموویان ڕازین. سێر فرانسیس لە ئەنجومەندا نوێنەری ئۆتس بوو. ئەو نموونەی پیاوێکی بەڕێزی ئینگلیزی بوو. سەرنجڕاکێش، قیت و قۆز و لەسەر خواستی خۆی بێ فەرهەنگ. تەنیا بەوە خۆشحاڵ بوو کە هاوسەرە ڕووناکبیرەکەی کەسێکی هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵی و ڕێگەی بۆ ئاوەڵا دەکات کە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ئەنجومەن بچێت بۆ لەندەن. وا دێتە بەرچاو کە ئەو وەجەسنەهاتووی هەموو تایبەتمەندییە باشەکانی ئاسانگیری، بەو جۆرەی کە لە فەلسەفەی لۆکدا پێشنیار دەکرێت، لەگەڵ دانەرەکەیدایە. ئەوان هیچ قسەیەکیان بۆ یەکتر نەبوو و لەڕاستیدا وادیارە زۆر کەم پێکەوە قسەیاندەکرد و هەرکام ژیانی جیای خۆیان هەبوو. قورسە ئەوە کە بڵێی ئەوە لە ڕێزی بەرانبەرەوە بووە، یان لە خۆنامۆیی. ئەوە لە خۆیدا me›nage a› trois (خێزانێکی سێ کەسی) ئینگلیزی بوو، بەبێ ئاسەوارێک لە ڕسوایی.

ئۆتس لە سەردەمی تیۆدۆرەکانەوە هاوینەهەوارێکی ئاسایی بوو. ئەو تەلارەی کە تێیدا بوون لە خشتی سوور بە دیواری کۆنگرەیی گووتیک دروستکرابوو و دەوراندەورەکەی خەندەک درابوو. های لێڤێر لادێیەک لە قووڵایی گوندی ئەسکێس لە نێوان هارلۆ و چیپینگ ئۆنگار. خانووەکە باخێکی سوورەگوڵی جوان و دەرگایەک لە تەنیشت و چیمەنێکی لە لای حەوزۆکەیەکەوە هەبوو کە لۆک حەزی لێبوو، هاوینان لەوێ دانیشێ و کتێب بخوێنێتەوە. ( بە هۆکارێکی ناڕوون، هەموو ئەو شوێنە لە 1802 ڕووخێندرا و شوێنەکەی بوو بە کەلاوەیەک و چیمەنەکان بوون بە گیا ئاوی و حەوزۆکەکە پڕ بوو کە گیا گەندەڵە و بەشی زۆری خەندەکەکە پڕ کرایەوە. شوێنی خانووەکە ئێستا شیناوەردێکی پڕلە گیایە لە دەوروبەری گوندێک لە کەنار دەریاچەیەکی بچووک کە نشینگەی دەستەیەکی هەندێ گەورەی قاز و مراوییەکانە. بەم دواییانە کە لە بەربەیانێکی سارد و تەم و مژاویی فێبرایبەردا لەنێو ئەو شیناوەردەدا پیاسەمدەکرد، چاوم بە بڕگەیەکی بچووک لە پارچە خشتەکان کەوت کە لەنێو گژ و گیاکانەوە سەریان دەرهێنابوو و لەت و کوتی زۆری خشتی سووری کۆنە لەوێدا بوو (ئەوانە بێگومان هەموویان لە ئۆتس مابوونەوە).



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لـۆک بـۆ دوو هـۆدە لـە نهۆمی یـەکـەم لـەو سـەری سـەرسـەرای چوارچێوەبەستکراو شوێنی گواستەوە و لەگەڵ خۆیدا چەند پارچەیەک ماڵ و کەلوپەلێکی سەرەکیی زۆری کە بۆ هەر فەیلەسووفێک پێویستن (پێنج هەزار کتێب بە گوێرەی ژیاننامەنووسەکەی) هێنا. هەفتەی یەک پاوەندی سترلینگی بۆ خەرجی رۆژانەی خۆی و خزمەتکارەکەی و یەک شلینگی لە هەفتەیەکدا بۆ چاودێری کرانی ئەسپەکەی دەدا.

بەڵام لۆک وازی نەهێنابوو. بەهیچ شێوەیەک وا نەبوو. ئەو ئێستا سیمبولی شانازیی ویگەکان، حزبی دەسەڵاتداری ئەنجومەن، بوو و بەردەوام سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان راوێژی لەگەڵدا دەکرا. لەوە دەچێ زۆر جار سەردانی لەندەنی کردبێت، بەڵام هەمیشە کاتێک کە هێرشەکانی نەفەس تەنگییەکەی بەهێز دەبوون دەگەڕایەوە بۆ گوند. تەنانەت لە دەستەی بازرگانی و کشتوکاڵیشدا پۆستێکی گرنگی وەرگرت.

لە میانەی زستانی 1698 لۆک بۆ کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لەگەڵ پاشا بانگهێشتی کۆشکی کینزینگتۆن کرا. لەحاڵێکدا کە سنگی بە چەند توێ داپۆشیبوو بە نابەدڵی سواری گالیسکە بوو و رێگەی درێژی شاڕێی شەختەبەندی کە بە ناوچە گوندییە سارد و بەفرگرتووەکاندا تێدەپەڕی گرتە بەر. لۆک بە هۆکارێک هەمیشە مەبەستی لە سەردانەکەی بۆ لای پاشا شـاردەوە و تەنانەت لەگەڵ خاتوو ماشامیشدا باسی نەکرد. زۆربەی سەرچاوەکان لەو باوەڕەدان کە ئەگەری ئەوە هەیە پۆستی باڵوێزی فەڕەنسا، پۆستێک کە لەو رۆژانەدا هیچ روویەکی تەشریفاتیی نەبوو، پێی پێشنیار و - بە ئەدەبەوە رەت- کراوەتەوە.

لۆک لەنێو ئەرکە گشتییەکانیدا، لەگەڵ رووناکبیرانی سەردەمی خۆیدا هاموشۆی هەبوو. ئەو خێڵە کە ئێستا ئێتر لە ئینگلتەرا لەناو چوون، لە لەندەنی سەدەی هەڤدەدا گەشاوە بوو - بەبێ ئەوەی باسێک سەبارەت بە دوو کلتورەوە لە ئارادا بێت.

بێگومان لۆک چاوپێکەوتنی لەگەڵ گرینگترین کەسایەتییە ئەدەبی و زانستییەکانی سەردەمی خۆی و هەڵبەت هیوادارین نەک لەگەڵ هاوپۆلە کۆنە ناجۆرەکەی، درایدن، کە لەو کاتەدا بەهۆی کاری شەرمەزارانەی وەرگێڕانی ڤیرژیل، بۆ ئاستی چارەنووسێکی شیاوی خۆی دابەزیبوو، ئەنجامدابێت. لۆک

بەتایبەتی لەگەڵ نیوتندا پەیوەندییەکی دۆستانەی دروستکرد کە زۆرجار بۆ سەردانی دەهات بۆ ئۆتس. ئەوانەی کە دەپرسن ئەو دوو گەورەترین مێشکانەی سەردەمی خۆیان کاتێک کە لە باخ دادەنیشتن و کاری هێزی راکێشیان لە میوەجاڕدا سەیر دەکرد، باسی چییان دەکرد، هیوابڕاو دەبن. نیوتن هەوڵیدا هێزی راکێش بۆ لۆک روون بکاتەوە، بەڵام فەیلەسووف دەبوو وا بنوێنێت کە تێدەگات - تاکە فێڵێکی رووناکبیرانە لەلایەن لۆکەوە کە هەتا ئێستا تووشی هاتووم. بەجێی ئەو کارە لۆریک و هاردیی مەعریفەی سەردەم (کە ئێستە دەبینن ئێمەیان چۆن تووشکردووە) کاتی خۆیان بە باسکردن سەبارەت بە نامیلکەکانی پۆڵسی پیرۆز بەسەرد دەبرد. ئەوانە یەکێک لە باشترین حەزەکانی نیوتن بوون کە بەشێکی زۆر لە وزەی خۆی بۆ نووسینی چەندین راڤە لەسەر کتێبی پیرۆز تەرخاندەکرد. ئەو هەتا سانی مەرگ لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوە کاری راستەقینەی تەمەنی ئەوە و بە ماوەیەکی زۆر پاش ئەوە هێزی راکێش فەرامۆشکرابێت، ئەو لەبەر ئەو کارانەی لە یاددا هەر دەمێنێتەوە.

لە 1699 لۆک سەرئەنجام ناچار بوو دەست لە پۆستەکەی خۆی لە دەستەی بازرگانی و کشتوکاڵ بکێشێتەوە. ئێستا تەمەنی شەست و حەوت ساڵ بوو و نەفەس تەنگییەکەی تا دەهات قورستر دەبوو. لە دوای ئەوە چوار ساڵی تر لە ئۆتس ژیا و شێلگیرانە سەبارەت بە بابەتگەلی جۆراوجۆری وەک ئاسانگیریی ئایینی، قەبارەی گرواث (بچووکترین سکەی ئەو ناوچەیە) و کاریگەریی نرخی سوو لەسەر کەسانی وەک فرانسیسی پترۆز دەینووسی. لە 28ی ئۆکتۆبەری 1704 کۆچی دوایی کرد، لەحاڵێکدا کە شەوی پێشتر باسکەکانی خاتوو ماشام خەستەی لاواز و سنگی سیخنی ئەوی راگرتبوو.

لۆک لە کڵێسای هاولێڤێر بە خاک سپێردرا، کە ئێستاش لەوێ دەتوانن گۆڕی خشتی سووری ئەو لە پشت شیشەکانی دیوارە بەردە گڕکانیی لای باشوورەوە ببینن. لەپاش مردنی ئەو خاتوو ماشام لە مێردەکەی خۆی لە ئۆتس جیا بوەوە و بۆ درێژەدا بە ژیان چوو بۆ بەث و بووە هۆی بڵاوبوونەوەی هەندێ قسە و قسەڵۆک سەبارەت بەوە کە وابەستەیی ئەو بە لۆک رەنگە هەندێک زیاتر لە وابەستەیی ئەفلاتوونی بووبێت. بەهەرحاڵ، هەرسێکیان ئێستا لە کڵێسای های لێڤێر نێژراون و خاتوو ماشام بە گوێرەی ئەرکەکەی کەوتوەتە پاڵ مێردەکەیەوە.

## دوا وتە

ژیانی لۆک سەردەمی نێوان گالیلۆ و نیوتن دەگرتەوە. بە هەڵکەوت نییە کە لە درێژەی سەردەمی ژیانی ئەودا ناوەندێتیی زەوی پەسەند کرا. حسابان (دیفرەنشێڵ و ئەنتیگراڵ) و هێزی راکێشی گشتی دۆزرایەوە، بەسەر سووڕی خوێندا زاڵ بوون و کیمیا دەستی بە رزگار کردنی خۆی لە کیمیاگەری و چەسپاندنی خۆی وەک زانستێکی راستەقینە کرد. ئەو جۆرە دەسنکەوتانە بەمانای تەواوی وشە لە روانگەی ئەرستۆ و سکۆلاستیزمەوە مەحاڵ بوون. (بۆ نموونە سکۆلاستیزم قورس و قایم بەو واتا کۆنە یۆنانییەوە نووسابوو، کە هەموو شت تێکەڵەیەکە لە ئاو خاک و با و ئاگر! تەنیا لەدوای ئەو کاتەی کە کیمیازانی ئایرلەندی( رۆبێرت بۆیڵ) تیۆریی چوار توخمی لە کیمیازانیی گومانگەرای خۆیدا رەتکردەوە، کیمیا توانی پشت بە توخمە راستەقینەکان و شێوەی تێکەڵکردنیان ببەستێت.)

جیهانی تازە لەدایکبوو تەواو لەوەی ناوەڕاستییەکان تێیدا دەژیان جیاواز بوو. ئەو جیهانە نوێیە پێویستیی بە شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە هەبوو و ئەوەشی لە فەلسەفەی لۆکدا دەستەبەر کرد. نامەی سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی ئەو هەتا سەد ساڵی دواتر بەبڕستترین بەرهەمی فەلسەفی بوو لە سەرتاسەری ئەورووپادا.

ئەوەش بە هەڵکەوت نییە کە لۆک دوایین شەڕی ناوخۆی ئینگلتەرا و یەکەم شۆڕشی سەرکەوتووی لە ئەورووپای نوێدا بەچاوی خۆی دیت. هزری سیاسیی ئەو بنچینەکانی دیموکراسیی لیبراڵی داڕشت، بەڵام ئەو دوو توخمە لە هزری لۆکدا -توخمی سیاسی و توخمی فەلسەفیی پەتی - نەک تەنیا لە فامی لۆکدا پێکەوە گرێدرابوون بەڵکو ئەو گۆڕانکارییە مێژووییە قووڵانەش کە روویاندەدا ئەوانەی لێکدەدا. لۆتێر خەڵکی لە ژێر ئۆتۆریتەی کڵێسا ئازاد کردبوو و رێگەی دادوەریی تایبەتی و ویژدانی کەسانەی بەوان دابوو. هەر بەم شێوەیە، لۆک بە هانا بردنی راستەوخۆ بۆ ئەزموون ئەوانی لە « کۆیلایەتی بۆ هەڵە و پێشداوەری» لە ئەرستۆگەراییدا رزگار کرد. ئەوەی لە ئەورووپا روویدەدا شتێکی

لە سەرهەڵدانی ئاک کەمتر نەبوو. ئەو بوونەوەرە سەیرە گەشە ئەستێنە نوێیە – ئاکێتیی پەرەسەندو– لە هەوڵی راگەیاندنی خۆیدا بوو. فەلسەفەی لۆک رێی پێ نیشاندا. لە لایەکەوە ئازادیی بیروڕا، لە لایەکی ترەوە ئازادیی کردار، ئەو دوانە دەست لەناو دەست لە ژیاندا بەرەو پێش دەچوون: بە هەمان شێوەی کە لە بەرهەمەکانی لۆکدا بەرەو پێش دەچوون. ئەوە دیاریی ئەو بوو بۆ جیهان و بەبێ سەرنجدان بەوەی کە لە نەوەکانی داهاتوودا رەخنەگرەکان لەوانەیە خاڵی لاوازیان لە فەلسەفەی ئەودا دۆزیبێتنەوە، یان بە برەو سەندوویان زانیبێت، ئەو دیارییە بۆ هەمیشە بە نکۆڵیلێنەکراو دەمێنێتەوە.

**لە نووسراوەکانی لۆک**

ئەوەی کە خۆی لە ئاستی سندووقی خێرات بەرزتر کردبێتەوە و بە خۆژیاندنی تەوەزەلانە بە وردکەنانی بیروباوەڕە سواڵکراواوەکانەوە نەوەستاوە، بیرەکانی خۆی دەخاتە کار، بۆئەوەی بە هەقیقەت بگات و پەیڕەویی لێبکات ( تووشی هەر شتێک کە ببێت ) ڕەزامەندیی ڕاوچییەکان لەدەستنادات، هەر چرکەیەک لە کنە و گەڕانەکانی ماندووبوونەکانی بە دڵخۆشییەک پاداشت دەداتەوە و بێهۆش نابێت کە پێیوابێت کاتەکەی بەفیڕۆ نەداوە، تەنانەت کاتێک کە نەتوانێت شانازی بە هیچ دەستکەوتێکی مەزنیشەوە بکات.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

ڕوو لە خوێنەر

(پرەنسیپێکی سروشتی) بوونی نییە کە هەموو مرۆڤایەتی لەسەر کۆدەنگ بن. من لەو پرەنسیپە هزرڤانانەوە دەستپێدەکەم، کە نموونەیە لەنێو پرەنسیپە مەزنەکانی بەڵگاندندا، هەر شتێک کە هەیە هەیە و مومکین نییە شتێک هەبێت و نەشبێت، کە پێموایە لەنێو هەموو پرەنسیپەکانی تردا لە هەموان زیاتر شیاوی فێتری بوونە. ئەمانە هەتا ئێستا ئاستی ناوبانگی پرەنسیپە بەگشتی پەسەندکراوەکانیان وەرگرتووە، کە بەبۆچوونی ئەو بێگومان سەیر دەبێت کەسێک بیباتە ژێر پرسیار، بەڵام من دەخوازم ڕێگەم پێبدرێت بڵێم ئەو گوزارانە ئەوەندە لە هەبوونی کۆدەنگی لەسەریان دوورن، کە بەشێکی گەورە لە مرۆڤایەتی هەیە، کە هیچ شتێک لەو پرەنسیپانە نازانن.

لەبەرئەوەی پێویست بە بەڵگە ناکات، کە هەموو منداڵ و نەفامەکان کەمترین تێگەیشتن یا بیرۆکەیەکیان لەسەر ئەو پرەنسیپانە نەبێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی یەکەم، بەشی 2



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کەواتە ڕێگە بدەن وای دابنێین کە زەین، هەروەک دەڵێین، لاپەڕەیەکی سپییە بەتاڵ لە هەر چەشنە نووسراوەیەک، بەبێ هەرچەشنە ئایدیایەک. چلۆن تەیار دەکرێت؟ ئەو پاشەکەوتە مەزنەی کە خەیاڵدانی پڕکار و بێسنووری مرۆڤ بە فرەچەشنییەکی ئاڕادەیەک بەکۆتاوە لەسەری نەخشاندوویەتی لە کوێوە دێت؟ ئەو هەموو هەوێنەی هزرین و زانین لە کوێوە دێنێت؟ من لە یەک وشەدا وەڵامی ئەوە دەدەمەوە، لە ئەزموونکردنەوە، کە هەموو زانینی ئێمە لەسەر بناغەی ئەوە و سەرئەنجام خۆی لەوەوە هەڵدەهێنجێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2، بەشی 1

بینراوەکانی ئێمە، کە سەبارەت بە ئاشکرا هەستەوەرە دەرەکییەکانە، یان سەبارەت بە کردارە دەروونییەکانی زەینەکانمانە کە خۆمان پێیانگەیشتووین و بیرمان لێکردوونەتەوە، لەکار کراون، هەن بۆ ئەوەی هەموو هەوێن و مادەیەک بۆ بیرکردنەوەی ئێمە دابینبکەن. ئەوانە دوو سەرچاوەی ناسیارین، کە هەموو ئەو بیرۆکانەی کە هەمانن، یان دەتوانین بە شێوەی سروشتی هەمانبن، لەوانەوە هەڵدەقوڵێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2، بەشی 1

من توانایی بەدیهێنانی هەرچەشنە بیرۆکەیەک لە زەینماندا بە چۆنێتیی هەبوویەک ناودێر دەکەم، کە ئەو تواناییەی هەیە، کەواتە تۆپەڵە بەفرێک کە توانایی بەدیهێنانی بیرۆکەکانی سپی، سارد و خڕی لە ئێمەدا هەیە، من توانایی بەدیهێنانی ئەو بیرۆکانە لە ئێمەدا، بەو جۆرەی کە لە تۆپەڵەی بەفردا هەن، بە چۆنێتییەکان ناودێر دەکەم ، چونکە ئەوانە کۆمەڵێک هەست، یان تێگەیشتنن لە فامی ئێمەدا، ناویان دەنێم بیرۆکە (ئایدیا).

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2، بەشی 1

ئەو جۆرە چۆنێتییانە (چۆنێتییە دووهەمینەکان)، کە لەڕاستیدا خۆیان لە خۆیاندا دیار نین، بەڵکو توانایی بەدیهێنانی هەستگەلی جۆراوجۆری لەشێوەی

ڕەنگ، دەنگ و تام و هتد لە ئێمەدا بەهۆی چۆنێتییە یەکەمینەکەیانەوە، واتە لەڕێگەی بارستا، بیچم، پێکهاتە و جووڵەی پاژە ناهەستیارەکانیانەوە هەن. ئەمانە بە (دەستەی دووهەم: ڕەنگ، دەنگ. تام...) چۆنێتییە دووهەمینەکان ناودێر دەکەم... لەبەر ئەوەی توانایی ئاگر لە بەدیهێنانی ڕەنگێکی نوێ، یان ڕەقکردنی مۆم، یان قوڕ بەهۆی چۆنێتییە یەکەمینەکانیەوە، بە هەمان ئەو رادەیە چۆنیەتییەکی ئاگرە کە ئەو تواناییەی کە بەهۆی هەمان ئەو چۆنێتییە یەکەمینانەوە واتە بارستا، پێکهاتە و جووڵەی پاژە ناهەستیارەکانیەوە هەیەتی، بۆ ئەوەی لە مندا ئایدیا، یان هەستێکی تازە لە گەرما یان سووتان بەدی بهێنێت، کە بەر لەوە هەستم پێنەدەکرد.

ئایدیاکانی چۆنێتییە یەکەمینەکانی تەنەکان، هاوشێوەی خودی ئەوانن و مۆدێلەکانی ئەوان بەڕاستی لە خۆدی تەنەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام ئەو ئایدیایانەی کە چۆنێتییە دووهەمینەکان لە ئێمەدا بەدییان دەهێنن، بەهیچ شێوەیەک هاوشێوەیەکی لە خودی ئەواندا نییە. شتێکی وەک ئایدیاکانی ئێمە بوونیان نییە، کە لە خودی تەنەکاندا هەبێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2 بەشی 8

چونکە دەبیندرێت ئایدیا سادەکان لە پێکهاتەگەلێکی جۆراوجۆردان کە پێکەوە کۆبوونەتەوە، زەینیش ئەو تواناییەی هەیە کە چەند دانە لەوان بەشێوەی کۆکراوە لەگەڵ یەکتریدا لەبەرچاو بگرێت، هەڵبەت نەک تەنیا بەو جۆرەی کە لەڕووی دەرەکییەوە کۆبوونەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەک کە خودی ئەوانی پێکەوە بەستوەتەوە. ئەو ئایدیایانەی کە بەم شێوەیە لە کۆکرانەوەی ئایدیا سادەکان دروستکراون، بە ( ئایدیاگەلی) تێکەڵەیی ناودێر دەکەین، وەکو جوانی، ئەمەگناسی، مرۆڤ سوپا، بوونەکان، کە ئەگەرچی لە تێکەڵەی ئایدیاگەلی سادەی جۆراوجۆر یان ئایدیاگەلی تێکەڵەیی پێکهاتوو لە ئایدیا سادەکانن، کاتێک کە زەین بیەوێ، هەرکامێکیان بە تەنیا وەک یەک شتی تەواو تاکانە لەبەرچاو دەگیرێن و ناوێکیان لێدەنرێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2 بەشی 12

نانوانین ئایدیایەکمان سەبارەت بە شوێنی جیهان هەبێت، هەرچەندە دەتوانی ئایدیامان سەبارەت بە هەموو پاژەکانی هەبێت، لەبەر ئەوەی لە سەروو ئەوەوە ئایدیایەکمان سەبارەت بە هەبووگەلێکی نەگۆڕ، جیاواز و تایبەت نییە کە بە گەڕانەوە بۆ ئەوان بتوانین پێمانوابێت پەیوەندییەکی مەودابیان هەیە، بەڵکو لە سەروو ئەوەوە شتێک نییە جگە لە بۆشایی یان پانتایەکی یەک هەوا، کە زەین هیچ جۆراوجۆری یان هیچ نیشانەیەکی بەردەست ناکەوێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2 بەشی 13

هەندێک لە ئایدیاکانی ئێمە گونجان و پەیوەندییەکی سروشتییان پێکەوە هەیە. ئەرک و توانایی ئاوەزی ئێمە بۆ شوێن گرتن و پارێزگاری کردن لەوان لەو یەکانگیری و پێکەوە گونجانەوەیە کە رەگی لە بوونایەتیی تایبەتی ئەواندا هەیە. جگە لەوە پەیوەندییەکی تر لەنێوان ئایدیاکاندا هەیە کە بەگشتی دەرهاوێشتەی هەڵکەوت یان خووە. ئایدیاگەلێک کە لەخۆیاندا هیچ نزیکایەتییەکیان نییە، لە زەینی هەندێک کەسدا، وەها لێکهەڵدەپێکرێن کە جیاکردنەوەکەیان هاسان نییە، هەمیشە پێکەوە دێن و مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا لە یەکێکیان تێناگات، مەگەر یەکاویەک لەگەڵ ئەوی تریاندا دەرکەوێت. پێموانییە هیچکەسێک کە خۆی و ئەوانی تری بە باشی تاوتوێ کردبێت گومانێک لەوە بکات، کە خوو ئەو جۆرە پێکەوەبوونەی ئایدیاکانی بەدیهێناوە. زۆربەی ئەو هاودڵی، هەروەها بێزارییانەی کە لە مرۆڤدا بەدی دەکرێت، هێندە بەهێز کار دەکەن و وەها کاریگەریگەلێکی رێکخراو بەدی دەهێنن کە زۆر سروشتی دەردەکەون. رەنگە بتوانرێت بەباشی بەوانە پەیوەندی بدرێتەوە و بە سروشتی دابنرێن، هەرچەند کە لەسەرەتاوە هیچ ئاخێزگەیەکی تریان جگە لە پەیوەندییە بەهەڵکەوتەکانی دوو ئایدیا نییە.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2 بەشی 23

کەواتە لەڕوانگەی منەوە دەسەڵاتی سیاسی مافی دیاریکردنی یاساگەلێک بە سزای مەرگەوەیە و لەم رووەوە هەموو سزا کەمترەکان، مافی رێکخستن و پاراستنی خاوەندارێتی و لەکارکردنی هێزی کۆمەڵ بۆ سەپاندنی ئەو جۆرە یاسایانە و بۆ بەرگری لە کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەند لە زیانە دەرەکییەکان و هەموو ئەمانە بۆ خێر و بەرژەوەندیی گشتییە.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2 بەشی 1

بۆ تێگەیشتن لە مافی دەسەڵاتی سیاسی و هەڵهێنجانی لە ئاخێزگەکەی دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کە هەموو مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی لە چ حاڵەتێکدان و ئەویش ئازادیی تەواو بۆ کرداریان و ئیرادە بەسەر داراییەکان و خودی خویاندا بەهەر شێوەیەک کە پێیان باشە، لە سنووری یاسای سروشتدا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن، یان مەرجدار بوون بە خواست و ئیرادەی هیچ مرۆڤێکی تر.

هەروەها حاڵەتی یەکسانی، کە لەوێدا هەموو دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی دوولایەنەیە و هیچکەسێک لەویتری زیاتر نییە...

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

کتێبی 2 بەشی 2

دۆخی سروشتی یاسایەکی سروشتیی هەیە، کە بەسەریدا زاڵە و هەموان ناچارن ملی بۆ کەچ بکەن. ئاوەزیش کە ئەو یاسایەیە، هەموو مرۆڤایەتی کە رای ئەویان پێویستە، فێر دەکات چلۆنە کە هەموان یەکسان و سەربەستن و هیچکام نابێ زیانێک بە ژیان و تەندروستی و ئازادی و یان خاوەندارێتیی ئەویتر بگەیەنێت.

**دوو نامە سەبارەت بە حکوومەت**

نێزی دووهەم، بەشی 2

حکوومەتی مەدەنی چارەسەری دروستی ناساخییەکانی دۆخی سروشتییە،

کە بێگومان دەبێ زۆر بێت، لەوێدا کە مرۆڤەکان دەتوانن دادوەری خۆیان بن، لەبەر ئەوەی بە هاسانی دەشێ بزانین ئەو کەسەی کە هێندە نادادگەر بوو کە زیانێکی بە براکەی گەیاندووە، بە دەگمەن هێندە دادگەرە کە خۆی لەبەرانبەر ئەوەدا لۆمە بکات.

**دوو نامە سەبارەت بە حکوومەت**

ئێزی دووهەم، بەشی 2

زۆرجار رەخنەیەکی جیدی دەهێنرێتە ئارا و ئەویش ئەوەیە کە ئەو جۆرە مرۆڤانەی نێو دۆخی سروشتی لە کوێن، یان ئایا هیچکات بوونیان هەبووە؟ جارێ ئەو وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە بەسە چونکە هەموو میرەکان و فەرمانڕەواکانی ئێستای حکوومەتە سەربەخۆکانی سەرتاسەری دنیا لە دۆخی سروشتیدان، ئەو بوارەی جیهان هیچکات لە کەسانێک کە لە دۆخی سروشتیدا بن بەتاڵ نییە و نابێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

ئێزی دووهەم، بەشی 2

ئازادیی سروشتیی مرۆڤ، واتە ئازاد بوون لە هەر دەسەڵاتێکی سەروەر لەسەر رووی زەوی و لەژێر دەسەڵاتی خواست، یان ئۆتۆریتەیەکی یاسادانەرانە لەلایەن مرۆڤەوە نەبوون و تەنیا قبووڵکردنی یاسای سروشت وەک فەرمان. ئازادیی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا ئەوەیە، کە لەژێر کۆنترۆڵی هیچ دەسەڵاتێکی یاسادانەرانەدا نەبێت، جگە لەوەی کە بە کۆدەنگی لە کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەندا سەقامگیر بووبێت، نەک لەژێر ئۆتۆریتەی هیچ خواستێکدا، یان لە بەندی هیچ یاسایەکدا، مەگەر ئەوەی کە ئیرادەی یاسادانەرانە بەپێی ئەو متمانەیەی کە پێی بەخشراوە، بسەپێندرێت.

**نامەیەک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی**

ئێزی دووهەم، بەشی 4



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## رۆژمێری ڕووداوە گرنگە فەلسەفییەکان

سەدەی شەشەم پ.ز دەستپێکی فەلسەفەی خۆراوا بە بۆچوونەکانی تالیسی مەلەتی.

کۆتایی سەدەی سەشەم.پ.ز مردنی فیساغۆرس.

399 پ.ز سوقراتْ لە ئەسینا سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێندرێت.

387 پ.زئەفلاتوون لە ئەسینا «ئەکادیمیا» وەک یەکەمین زانکۆ دادەمەزرێنێت.

335 پ.ز ئەرستۆ لە ئەسینا «لیسییۆم» دادەمەزرێنێت و دەبێتە فێرگەیەکی رکابەری «ئەکادیمیا».

324 ئیمپڕاتۆر کۆنستانتین پایەختی ئیمڕاتۆریی رۆمای بەرەو بیزانس گواستەوە.

400 ئاگۆستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی خۆی دەنووسێت: فەلسەفە بەلای یەزدانناسیی مەسیحیدا دەکێشرێت.

410 تاڵانکردنی رۆما لەلایەن ڤیزگۆتەکان و دەستپێکی «سەردەمی تاریکی»

529 داخستنی «ئەکادیمیا»ی ئەسینا بە فەرمانی ئیمپڕاتۆر یۆستینیان وەک نیشانەی کۆتایی هاتن بە سەردەمی بیری یۆنانی.

ناوەڕاستەکانی سەدەی سێزدە تۆماس ئەکویناس راڤەی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنووسێت. سەردەمی فەلسەفەی سکۆلاستیک.

145ڕووخاندنی بیزانس بە دەستی ترکەکان، کۆتایی ئیمپڕاتۆریی بیزانس.

1492 کریستۆف کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. سەردەمی ڕێنێسانس لە فلۆرانس و بایەخدرانەوەی سەرلەنوێ بە ئامۆژە یۆنانییەکان.

1543 کۆپێرنیک بە بڵاوکردنەوەی سەبارەت بە سووڕی هەسارە ئاسمانییەکان لەڕێگەی ماتماتیکەوە دەسەلمێنێت، کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

1633 دەزگای کڵێسا گالیلۆ ناچار دەکات بەڕەسمی تیۆریی ناوەندبوونی خۆر لە گێتیدا بەدرۆ بخاتەوە.

1641 دیکارت رامانەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە، فەلسەفەی مۆدێرن دەستپێدەکات.

1677 بە مردنی سپینۆزا ئەخلاقیاتەکەی مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی پێدەدرێت.

1687 نیوتن پرەنسیپەکان بڵاودەکاتەوە و لەوێدا چەمکی هێزی راکێشان گەڵاڵە دەکات.

1689 لۆک ئێزێک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی بڵاودەکاتەوە. دەستپێکی ئەزموونگەرایی.

1710 بارکلی پرەنسیپەکانی زانینی مرۆیی بڵاودەکاتەوە و ئاسۆیەکی نوێ بەرووی ئەزموونگەراییدا دەکاتەوە.

1716 مەرگی لایبنیتس.

1739–40 هیوم ئێزێک سەبارەت بە خووی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە و ئەزموونگەرایی هەتا ئەوپەڕی لۆژیکیی خۆی دەباتە پێشەوە.

1781کانت کە بە یارمەتیی هیوم لە «خەوی دۆگمای» خۆی هەستاوە، رەخنە لە ئاوەزی پەتی بڵاودەکاتەوە. سەردەمی شکۆداری مێتافیزیکی ئەڵمانی دەستپێدەکات.

1807 هیگڵ دیاردەناسیی رۆح بڵاودەکاتەوە، لووتکەی مێتافیزیکی ئەڵمانی.

1818 شۆپنهاور جیهان وەک ئیرادە و نواندنەوەی بڵاو کردەوە و فەلسەفەی هیندیی لە مێتافیزیکی ئەڵمانیدا گەڵاڵە کرد.

1899 نیچە کە بانگەوازی «خودا مردووە»ی هەڵدا، لە تۆرین تووشی شێتی دەبێت.

1921 ویتگنشتاین ئێزی لۆژیکی–فەلسەفی بڵاو دەکاتەوە بانگەشەی دۆزینەوەی «دوا رێگەچارەی»پرسە فەلسەفییەکان دەکات.

دەیەی 1920 «بازنەی ڤیەننا» پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی گەڵاڵە دەکات.

1927 هایدگەر بوون و کات بڵاودەکاتەوە کە باس لە درووستبوونی کەلەبەرێک لەنێوان فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی قارەیی دەکات.

1943 سارتەر بوون و نەبوون بڵاودەکاتەوە، پەرە بە بیری هایدگەر دەدات و ئیگزیستانسیالیزم بەرێدەخات.

1953 بڵاوبوونەوەی توێژینەوە فەلسەفییەکانی ویتگنشتاین لەدوای مردنی. لووتکەی سەردەمی شیکاریی زمان.

## ڕۆژمێری ژیانی جۆن لۆک

1632لەدایکبوونی لۆک لە سامرەستی ئینگلتەرا.

1642دەستپێکی شەڕی ناوخۆ، باوکیماڵەوە بەرەو چوونە ریزی هێزەکانی ئەنجومەن بەجێ دەهێڵێت.

–1652 1647 خوێندن لە قوتابخانەی ڤۆست مێنستێر.

1652 تۆمارکردنی ناو لە کۆلێژی کریست چۆرچ، ئۆکسفۆرد، کە دواتر لەوێ بوو بە وانەبێژ.

1663 یاسای سروشت دەنووسێت بەڵام بڵاوی ناکاتەوە.

1665 ئەندامی دەستەی دیپلۆماتیکی رەوانە کراو بەرەو براندزبۆرگ.

1667 دەستپێکردنی خزمەت بە لۆرد ئەشێلی (دواتر ئەرێل شافتسبێری).

1668هەڵبژێردران لە «ئەنجومەنی پاشایەتی»، یەکەمین دەزگای گەورەی زانستیی.

1675 سەفەر بەرەو فەڕەنسا.

1683 راکردن و ژیانی ئاراوگە لە هۆڵندا لەدوای هاتنە سەر تەختی جەیمزی دووهەم.

1689 گەڕانەوە بۆ ئینگلتەرا لەکاتی هاتنە سەر تەختی ولیام ئۆرانژ. بڵاوکردنەوەی ئێزێک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆیی.

1691 خانەنشین بوون و ژیان لەگەڵ لۆرد و خاتوو ماشام لە ئەسکێس.

1704 مردن و بەخاک سپێردران لە کڵێسای های لۆڤەر.

## پێشنیاری دەق بۆ خوێندنەوە

Vere Chappell, ed., the Cambridge Companian to locke (Cambridge University Press, 1994)).

هەڵبژاردەی ئەو نامیلکانەی کە بەشێکی زۆر لە بیرەکانی لۆک لەخۆ دەگرێت.

John Locke, An essay Concerning human Understanding (Dutton, 1989)).

بەرهەمێکی بەرجەستە سەبارەت بە مەعریفەناسی، دەروازەیەک بەرەو ئەزموونگەرایی لە جیهانی فەلسەفیدا.

John Locke, A letter concerning Toleraition (Prometheus Books, 1990).

گرینگترین دەقی ئەخلاقیی شیاوی تێگەیشتنی لۆک، بە راڤەیەکی یارمەتیدەرەوە.

E. J. Lowe, Locke on human Understanding (Routledge, 1997).

هەڵبژاردەی شیکارانەی بیرەکانی مەعریفەناسیی لۆک، بە رەخنەیەکی وردبینانەوە.

David L. Thomas, ed., Locke on Government (Routledge, 1995).

چەند نامیلکەیەک سەبارەت بە رەهەندەکانی هزری سیاسیی لۆک.

نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica